http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.371

# ئاراستەی نووسینیی مێژوویی لە ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای مێژووی نوێ و هاوچەرخ (بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین وەك نموونە)

توانا رشيد كريم

بەشی زانستە كۆمەلایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی

twana.karim@univsul.edu.iq

## پوختە

مێژوونووسی كوردی لە باشووری كوردستان لەسەدەی بیستەمدا، گوڕوتینێكی زۆری بەخۆییەوە دی بەچەشنێك لەگەڵ دامەزراندنی زانكۆ و كردنەوەی بەشی مێژوودا، مێژوونووسی پێینایە قۆناغێكی نوێوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی خوێندنی باڵا لەساڵی (1987-1988) كرایەوە وچەندان ماستەرنامە وتێزی دكتۆرای لەپسپۆڕییەكانی مێژووی (كۆن، ئیسلامی، نوێ وهاوچەرخ) پێشكەش بە مێژوونووسی كورد، كرد. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەمییانی تیشكخستنەسەر ئەمە وپشكنینی ناوەڕۆكی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای مێژووی نوێ وهاوچەرخ لە بەشی مێژوو، بەرمەبنای هێڵە بنەڕەتییەكانی لێكۆڵینەوەی مێژوویی، ئاراستەی نووسینەوەی مێژوویی لەبەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین بخاتەڕوو.

بەهۆی نەبوونی توێژینەوەیەك لەسەر ماستەرنامە وتێزەكان لە زانكۆكانی كوردستان، لەكاتێكدا لە زانكۆكانی دیكەی عێراق بایەخی پێدراوە، بۆیە ئەم ناونیشانە هەڵبژێرا، بە ئامانجی دەستنیشانكردنی ئاراستەی نووسینی مێژوویی و كایەی مەعریفییەكان و كەرەستەی مەعریفییەكان، لەپاڵ ناساندنی بەرهەم و هەوڵە ئەكادیمییەكانی بەشی مێژوو. كە بێگومان بەگشتی ڕوئیای مێژوونوس وئەكادیمی كورد دەخاتەڕوو.

بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگیرییەكی ڕوون ودروست، توێژەر ڕاستەوخۆ سوودی لە ناوەڕۆكی نامە وتێزە ئەكادیمییەكان بینییەوە، بۆیە میتۆدی شیكردنەوەی ناوەڕۆك وەك میتۆدی سەرەكی بەكارهاتووە، لەپاڵ سودبینین لە هەردوو میتۆدی شیتەڵكاری و مێژوویی.

توێژینەوەكە سوودی لەگەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆر بینییەوە، لەپێشەوەیان ماستەرنامەكان وتێزەكانی دكتۆرا، كە سەرچاوەی سەرەكیین بۆ توێژینەوەكە، لەپاڵ ڕێبەرەكانی زانكۆی سەلاحەدین، فەرمانی كارگێڕی، كتێبی( پوختەی نامە وتێزەكانی مێژووی نوی وهاوچەرخی)ی بورهان گۆمەتالی، لێكۆڵینەوەی د.مفيد كاصد الزيدى بەناونیشانی(المنهجية التاريخية في الرسائل الجامعية( البصرة والموصل نموذجا ) وچەندین سەرچاوەی یارمەتیدەری دیكەش.

توێژینەوەكە، دابەشكراوە بەسەر دوو باسی سەرەكی و چەند تەوەرەیەكدا؛ لە باسی یەكەمدا: لەمییانی دوو تەوەرەدا باسی پاشخانی مێژوویی بابەتەكە كراوە، تەوەری یەكەم، تیشكخراوەتەسەر پەرەسەندنی مێژوونووسی لای كورد. لە تەوەری دووەمیش: دامەزراندن و پەرەسەندنی مێژوویی بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین خراوەتەڕوو، هەروەها باسی دووەم: لەمییانی

دوو تەوەرەدا جەختکراوەتەوە سەر ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی ماستەرنامەکان وتێزەکانی دکتۆرا. لە تەوەری یەکەمدا، تیشکخراوەتەسەر ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی بەرمەبنای بنەڕەتەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی(کات-شوێن). لە تەوەری دووەمیشدا، کایە مەعریفیەکان و کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوە باسکراوە. لەکۆتایشدا، ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

**کلیلەوشە:** ئاڕاستە، نووسینی مێژوویی، ماستەرنامە، تێزەکانی دکتۆرا، بەشی مێژوو، کەرەستەی مەعریفی، ڕێبازی توێژینەوە.

**باسی یەکەم: پەرەسەندنی مێژوونووسیی کورد و دامەزراندنی بەشی مێژوو:**

**تەوەری یەکەم: چەردەیەك لەمەڕ پەرەسەندنی مێژوونووسیی لای کورد:**

ڕوون و ئاشکرایە، مرۆڤ لەمییانی تۆمارکردنی ئەدگار و ڕووداوەکانی ڕابردووی خۆییەوە بوارێکی نوێی بۆ زانین و ناسینی خۆی دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوەیە تەرزێکی نوێی مەعریفیی لەلای ئەو خولقاند، کە زادەی پێویستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانیی بوو. لەبەرئەوە پرۆسەی نووسینی مێژوویی، پرۆسەیەکی دووبارە وێناکردنەوەی ڕابردووە لەلایەن کۆمەڵگە مرۆییەکانەوە بە شێوەیەکی مێژوویی و لەسەر بناغەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستییدا بووە[i].

کورد وەك نەتەوەیەك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەراوێز نەبووە لەو ژییارانەی، کە لە خاکەکەی یاخود دەوروبەرەکەی دروستبووە، ئەمەش هەلی بەشداریکردنی لە نێو شارستانییەتە جوداکان بۆ خولقاندووە و زەمینی کوردستانیش بۆتە گۆڕەپانی پەیدابوونی چەندین شارستانییەت و دەوڵەت[ii]. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی نووسینیی مێژوو لە نێو کورد دا زۆر درەنگ سەرهەڵدەدا و، سەرەتا و بەرایییەکانیشی دیاریکراو و ڕوون و ئاشکرا نییە[iii]. ڕاستییەکەی دەتوانین گەلێك هۆکار دیاری بکەین بۆ ئەم درەنگ سەرهەڵدانە، لەم بارەیەوە مێژوونووسیی کورد کەمال مەزهەر سروشتی کۆمەڵگە کوردی بەهۆکارێك دەزانێت بۆ ئەم درەنگ کەوتنەوە، چونکە بەردەوام کۆچەری ونیمچە کۆچەری بوونی کۆمەڵگەی کوردی و ناسەقامگیربوونیی لە شوێنێکی دیاریکراودا، وای کردووە بایەخ بە نووسینی ڕووداوەکان نەدا[iv]، هەروەها ئەم بۆچوونەش لەلایەن مێژونووس عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف جەختی لەسەرکراوەتەوە وپێیوایە گوندەکان سەرچاوەی مەعریفە بوون لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، لەکاتێکدا مێژوونوسی لەنێو شاردا گەڵاڵە دەبێت، چونکە شار سەرچاوەی ڕووداوە و مێژونووسیش بایەخ بەم ڕووداو دەدات[v]، بەتایبەت کورد ڕۆشنبیرییەکی زارەکیی هەبووە و گرنگی بە نووسینی مێژوویی نەداوە. سەرباری درەنگ پەیدابوونی خوێندن و خوێندەواری لە نێوکۆمەڵگەی کوردیدا[vi].

هەر لەبەرئەمەیە دەبینین لە چاخەکانی مێژووی کۆندا، مێژوونوسێك بەدی ناکەیت ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی نوسیبێتەوە و تۆمارکردبێت، تەنانەت لە شێوازی ئەدەبیشدا، بە پێچەوانەی گەلانی دی وەك هیرۆدۆت، کە مێژووی یۆنانی تۆمارکردووە[vii].

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام و بلاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا و گەشەکردنی خوێندن و خوێندەواریی و دروستبوونی چەندین خوێندنگەی ئایینی، ئەم دۆخە پێچەوانە دەکاتەوە لەلای ژمارەیەك لەزانایانی کورد جێی بایەخ بووە. لە

دیارترین ئەو زانا كوردانەی لەم قۆناغەدا بایەخیان بە زانستی مێژوو و مێژوونووسی داوە، وەكو: ئەبو حەنیفەی دینەوەری(895ز)، ئەبوفەزل ئەلیاس ئەربیلی(1204ز)، ئیبنولمستوفی ئەربیلی(1239ز)، ئیبن ئەسیر(1232ز). ئیبن خەلەكان(1282ز)، هەروەها بایەخدانەكانی خانەوادەی ئەیوبییەكان وەكو ئەبی هیجا(1301ز)، ئیبن شەدادی قازی(1234ز)[viii].

جێی باسە، هەندێك لەم مێژوونووسانە گرنگیان داوە بە مێژووی ناوچە كوردیی و میرنشینە كوردییەكان، بەڵام ئەم گرنگی دانە دەكەوێتەچوارچێوەی بایەخدان بە "مێژووی گشتی یان مێژووی نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەكان"[ix]، واتە: لەجوغزی نیشتمانی خۆیانە نەیڕوانیوتە مێژوو، بە ئەندازەی خزمەتكردنییان لە دەرباری میر و دەسەڵاتدارەكان. لەلایەكی دیكەوە نووسینەكانیان ڕێبازی مێژوونوسیی ئەوكاتی جیهانی ئیسلامی تێدا زاڵە و شوێنییان لەسەر تەرزی نووسینەكانیان هەبووە.بێگومان، ڕاستە بەشێكی زۆر ئەو شاكارانەی لە سەدەكانی ناوەڕاست بەدەستوپەنجەی زانایانی كورد نووسراون ڕاستەوخۆ تایبەت نەبوون بە مێژووی كورد وەك نەتەوەیەك لەناو جیهانیی ئیسلامی، بەڵام هەنووكە بونەتە هەوێنی نووسینەوەی مێژووی كورد[x].

لەسەردەمی نوێدا (1500-1900)، بەدرێژایی ئەم سەدەیە ئاستێكی وێكڕا نابینین لە مێژوونووسییدا، ئەگەرچی ئەم قۆناغە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە مێژوونووسیی كوردیدا، چونكە لەم قۆناغەدا چەندین مێژوونووس بەرهەمەكانی خۆیان بۆ مێژووی كورد وكوردستان یەكلاكردۆتەوە، وەك شاكاری شەرفنامەی شەرفخانی بەدلیسی. شەرفخان لە زاری خۆییەوە و لەبارەی شەرفنامەكەی نووسیویەتی:" بۆ یەكلایی كردنەوەی بنچ و بناوانی كورد و ڕوونكردنەوەی باری ژیان و چۆنییەتی ئاكاریان بە درێژایی مێژوو" تەرخانكراوە[xi]. ئەمەش بە نۆبەرەی مێژوونووسیی دانانرێت لە سەردەمی نوێدا، كە مێژووی كورد وكوردستان وكەسایەتی وشارستانی كوردی كرابێتە تەوەری سەرەكی نووسین وبەرهەمەكانیی، توێژەرێكی دیكە چەند نووسراوێكی دی مێژوویی زیاد دەكات، كە لە پێش شەرەفنامەوە نووسراون، هەرچەندە بۆ مێژووی كورد نەنووسراوان، بەڵام لەلایەن زانایان و ڕوناكبیرانی كوردەوە نووسراوە، وەكو: مەلا ئیدریسی بەدلیسی خاوەنی كتێبی(هشت بهشت) یان(مذكرات مامون بیك بن بیكة بك)ە[xii].

هەڵبەتە قۆناغی نوێ وەك پێشووتر باسی لێوەكرا بە یەك ئاست نەڕۆیشتووە. لە سەدەكانی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا مێژونووسێكی

كوردی وەها بەرچاو ناكەون، ئەمەش كەلێنێكی گەورەی لە مێژوونووسی كوردیدا دروستكردووە، بەشێوەیەك توێژەرێك ئەم دووسەدەیە بە"لاپەڕەیەكی تاریك لە تۆماری مێژوونووسی كوردیدا" تاریف دەكات[xiii]. بەڵام سەدەی نۆزدەهەم كاروانی مێژوونوسیی كوردی هەنگاوێكی بە گوڕ دەهاوێت و چەندین هەوڵی مێژوونووسی كوردیمان بەرچاو دەكەوێت، كە ڕاستەوخۆ بایەخیان بە نووسینی مێژووی كورد داوە و، لەسێبەری دەسەڵاتی حوكمڕانێكی كوردی (میرنشینی ئەردەڵان) هاتۆتە ئەنجامدان وەكو: (زوبدەتولتەواریخی سەنەندەجی) مەلا محەمەد شەریفی قازی ئەردەڵانی،(تاریخی ئەردەڵانی) ئیسماعیلی كوڕی مەلا محەمەد و(تاریخی بەنی ئەرەڵانی) خوسرەوەی كوڕی محەمەد ئەردەلانی و (تاریخی ئەردەڵان)ی مەستورەخانم[xiv]. سەرباری

ئەمانەش، لەم سەدەیەدا مێژوونووسیی كوردی شێوەیەكی قوڵتری وەرگرتووە و، بەرەو پێشەگەریی تەواو هەنگاوی ناوە، ئەمەش لەلای مەلا مەحمودی بایەزیدی دا بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. لەساڵی (1858) كتێبی"كتابی تاریخی جدیدی كوردستان" هاتۆتەبەر. هەروەها لە بەشەكانی دی كوردستاندا گەلێك نووسراوی دیكەی مێژوونووسانی كورد بەرچاو دەكەون[xv].

لەلایەكی دیكەوە لەم قۆناغەدا، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (كوردستان) لەساڵی (1898ز) دەرچوو وپاشتریش چەند ڕۆژنامەیەكی دیكە، ئەمانە ڕۆڵ و بایەخی خۆیان هەبووە وچەندین نووسراویان لەبارەی مێژووی كوردییەوە بڵاوكردۆتەوە، شایەنی باسە، كە سەرجەم بەرهەمەكانی ئەم قۆناغەی مێژوونووسی كورد بە زمانی كوردی نەنووسراوان و زیاتر زمانی نووسینی ئەو سەردەمە بەكارهاتووە (فارسی و توركی)، جگە لە ئەو نووسینەی مێژووییانەی، كە لە ڕۆژنامەكاندا بڵاوكراونەتەوە[xvi].

سەبارەت بەسەردەمی هاوچەرخ، لە دوای ساڵی(1900) مێژوونووسی كورد پێشكەوتنێكی بەرچاو و سەرلەبەری بەخۆوە دەبینێت تا دەگاتە شێوازی نووسینیی ئەكادیمی لە زانكۆكانی دەوەرە و پاشتریش لە زانكۆی سەلاحەدین. ڕەنگە لەم قۆناغەدا، فاكتی نەتەوەیی شوێنی تایبەتی و كاریگەری بەهێزی هەبووبێت لە نووسینەوەی مێژووی كورد دا، هەروەك محەمەدئەمین زەكی(1888-1948) لە پێشەكی خولاصەی تاریخی كوردستاندا، نووسیویەتی:" كە لە جێگای تەعبیری عمومی عوسمانی لەفزی تورك و تورانی لە توركیادا باوی سەند...غەیرەتی خۆم چاكتر حس كرد وە غروری قەومی مەجبوری كردم، كە لەهەموو فرسەتێكدا ئەم حسەی خۆم ئیزهار بكەم"[xvii]. دەكرێت محەمەد ئەمین زەكی بە سەردەستەی قۆناغی هاوچەرخ دابنێین لە مێژوونووسی كوردیدا، چونكە نووسین لەلای محەمەد ئەمین زەكی شێوازێكی پێشكەوتووتری وەرگرتووە لەڕووی تەكنیك وخستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەكاندا و بووەتە سەرچاوەیەكی پڕبایەخ بۆ مێژونووسی كوردی لە ئێستادا[xviii]. هەروەها هەر لەم سەردەمەدا گەلێك نووسراوی دیكەی بە بایەخ هاتونەتە بەرهەم، وەك: هەوڵەكانی حوسێن حوزنی موكریانی(1897-1947)، كە یەكەم كەس بوو دەستەواژەی " مێژوو" و "مێژوونووسی" خستۆتە نێوفەرهەنگی كوردییەوە. وێڕای بوونی چەندین بەرهەمی دیكە لەلایەن مێژوونووسانی كوردەوە. لەوانە: ساڵح قەفتان(1885-1968)،محەمەد عەلی عەونی(1897-1952)، عەلائەدین سوجادی(1907-1984)، رەفیق حلمی(1898-1960)، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی(1913-2001)، تۆفیق وەهبی(1892-1984)، عوسمان صەبری(1905-1993)، عەلی سەیدۆگۆران، جەلادەت بەدرخان(1893-1951)، زوبێر بلال ئیسماعیل(1938-1998)، مەلا ڕەئوف حەوێزی، كەریم زەند(1925-2017)، عەبدولرەقیب یوسف[xix].

لە پاڵ ئەمەشەدا، ڕۆژنامەوانیی كوردی تێگەیشتنی ڕاستی و ژین و ژیانەوە و گۆڤاری نزار وگۆڤاری گەلاوێژ وبەیان وهاوكاری وگۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد ڕۆڵێكی یەكجار مەزنی بینییوە لە برەودان بە مێژوونووسی كوردی بە بڵاوكردنەوەی نووسین و وەرگێڕان لەبارەی مێژووی كورد وجیهان و نەتەوەكان و ئەزمونە جیاوازەكان و یاداشت و بیرەوەری و بەڵگەنامە[xx]

هەر لە قۆناغی هاوچەرخدا، وێنەیەكی دیكە لە مێژوونووسی كورد سەرهەڵدەدا ئەویش نووسینی ئەكادیمییە، هەربۆیە ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە و لێوان لێوە لە بەرهەمی جوان و دەستڕەنگینی ئەكادیمی كوردی، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرگای

خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ ڕووناکبیر و تاکەکانی کورد کرایەوە، لەبەرئەمە گەلێك بەرهەمی ئەکادیمی جیاواز و جوان لەسەر مێژووی کوردی لە پسپۆڕییەکانی مێژووی کۆن ونوێ وهاوچەرخ بە ئەنجام گەینرا، کە ئەمەش لەدوای کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان و پاشتر ڕا پەڕینی ساڵی ( 1991 ) و کردنەوەی خوێندنی باڵا و بەشەکانی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستاندا دەچێتە لوتکە. لەم ڕووەوە گەلێك نموونەمان لەبەردەستدایە، وەکو: عەلی حەیدەر سلێمان، د.محمد ساڵح، د.موحسین عەبدولحەمید، د.کەمال مەزهەر، د.عەبدولرەحمان قاسملۆ، عەزیز شەمزینی، د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر، د.رەحیمی قازی، جەلیلی جەلیل، کوردۆیڤ[xxi]. بەمشێوە دەتوانین بڵێین، کە مێژوونووسی کوردی چەندین بەرزی ونشێوی بڕیوە تا گەیشتووە بەم ئاستەی ئێستای و، هەنووکە دەرفەتی زێتری لەبەردەستدایە بۆ خستنەڕووی مێژووی کورد و بوژانەوەی کەلە پوری کوردستان.

**تەوەری دووەم: بەشی مێژوو (ناساندن ودامەزراندن و پەرەسەندنی )**

لەدوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە لە گۆڕەپانی عێراقدا هاتەئاراوە، یەکێك لەو خواستانەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە دەسەڵاتی نوێی عێراقی کرد بریتی بوو لە کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستاندا بەمەبەستی پەرەپێدان بە پرۆسەی خوێندن، ئەوەبوو سەرکردایەتی باڵای شۆڕش ( حزبی بەعس ) بڕیاری ژمارە: ( 85 )ی لە ڕێکەوتی: ( 1968/8/4 ) بە کردنەوەی زانکۆی سلێمانی دا، دواتر لە ( 23 )ی تشرینی یەکەمی ( 1968 ) وەك یەکەمین دامەزراوەی خوێندنی باڵا لەشاری سلێمانی دامەزرا، کە هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ پێشخستنی خوێندنی و زانست لە کوردستاندا[xxii].

لەسەرەتادا، زانکۆی سلێمانی بایەخی بە بەشە زانستییەکاندا، ئەوەبوو کۆلێژەکانی (ئەندازیاری وکشتوکاڵ و زانست) کرانەوە، بەڵام لەداوی بەیاننامەی 11ی ئازار، زانکۆ بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆوە دی. لەساڵی ( 1971/8/31 ) بە بڕیاری ژمارە( 262/ 1208 ) کۆلێژی ئاداب، کە سەرەتا تەنها بەشی کوردی لەخۆگرتبوو، کرایەوە[xxiii]. بەڵام لە ئاکامی ئەو پەرەسەندن وجموجۆڵە سیاسیی وچەکدارییەی لەدوای ساڵی 1975 لە باشووری کوردستاندا، بەتاییەت لە سلێمانی هاتەئاراوە، حکومەتی بەعس بە بیانووی تیرۆرکردنی چەند مامۆستایەکی زانکۆ، هاوینی ساڵی ( 1981 ) بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی دا(جگە لە کۆلێژی کشتوکاڵ) بۆ شاری هەولێر و ناوەکەی لە زانکۆی سلێمانییەوە گۆڕی بۆ (زانکۆی سەلاحەدین )[xxiv].

هەر لەسەرەتاوە زانکۆی سەلاحەدین، بەیارمەتی ئەوپاشخانەی بۆی دروستبوو دوای گواستنەوە ونەمانی زانکۆی سلێمانی، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆییەوە دی، یەکێك لەو گۆڕانکارییانە فراوانبوون و گەشەسەندنی کۆلێژی ئاداب بوو. کۆلێژی ئاداب بە یەکێك لە کۆلێژە پڕبایەخ و گرنگ و کۆنەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەژمار دەکرێت. ئەم کۆلێژە لەماوەی ساڵانی ( 1981 ) تا ساڵی( 1991 ) چەند بەشێکی دیکەی تێدا کرایەوە، ئەمە لە کاتێکدا، پێشووتر تەنها لە بەشی کوردی وکۆمەڵناسی وعەرەبی پێکهاتبوو، پاشان لەساڵی ( 1985-1986 ) هەردوو بەشی مێژوو و ئینگلیزی ولەساڵی ( 1986-1987 ) بەشی جوگرافیا کرایەوە[xxv].

بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، بەدێرینترین بەشی مێژوو لە زانكۆكانی باشووری کوردستان دادەنرێت[xxvi]، سەبارەت بە پەرەسەندن وگەشەكردنی ئەم بەشە، دەتوانین دابەشی دوو قۆناغی بكەین:

+ قۆناغی یەكەم: پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991: ئەم قۆناغە لە كردنەوەی بەشەكەوە دەست پێدەكات لەساڵی (1985-1986)، كە د.حسام الدین علی غالب نەقشبەندیی[xxvii] سەرۆكی بەش بووە[xxviii]. لەسەرەتادا ئامانجی بەشەكە بریتی بووە لە:"ئامادەكردنی توێژەرانی پسپۆڕ لە بواری زانستی مێژوو بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی نەتەوەیی بەمەبەستی كاركردن لە دامەزراوە ڕۆشنبیریی و راگەیاندنیی و گەشتیارییەكاندا"[xxix]، هەر لەبەرئەمە پرۆگرامەكانی بەشەكەش مێژووی كۆن وئیسلامی وهاوچەرخ وپەروەردەیی لەخۆگرتبوو، كە لەنێو ئەمەشدا مێژووی كورد بەشێوەیەكی كەم بایەخی پێدرابوو، ئەم بایەخە كەمەش زێتر لە مێژووی ئیسلامییدا خۆی دەبینییەوە. وێڕای ئەمەش مامۆستایانی بەشەكە لەگەڵ ئەوەی مامۆستای كوردی تێدابوو وەك د.جەمال رشید ئەحمەد، د.حسامەدین نەقشبەندی، د.ئەرسەن موسا ڕەشید، د.گڵستان محمد سعید[xxx]، بەڵام ژمارەیەكی زۆرییان عەرەب بوون و لەزانكۆكانی موسڵ و بەغداوە هێنرابوون، وەكو د.عەبدولواحید زەنون، عیمادەدین ئەلجواهیری، د.عمادەدین خەلیل، تەنانەت پسپۆڕییەكانیشیان تایبەت نەبوون بە مێژووی كوردەوە[xxxi].

هەروەها پێش ڕاپەڕین پەرەسەندنێكی دیكە لەنێو بەشی مێژوودا هاتەئارا، ئەویش دامەزراندنی خوێندنی باڵا بوو لە مێژووی ئیسلامییدا، ئەوەبوو لەساڵی(1987-1988)خوێندنی ماستەر لەمێژووی ئیسلامییدا كرایەوە و سێ خوێندكار وەرگیران[xxxii].

جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین، بەشەكە لەم قۆناغەدا چەندچالاكییەكی جۆراوجۆری سازداوە، كە دەكرێت بڵێین تاڕادەیەك ڕەنگدانەوە و ئاڕاستەی ئەم قۆناغە دەنوێنن، وەكو بەشداریكردن لە كۆڕبەندی دامەزراندنی سوپای عێراق، سازدانی سیمینار لەبارەی هزری سەدام حوسێن لە ناوچەی حوكمی زاتی، سازدانی سیمینار لەبارەی مێژووی كۆنی كوردەوە[xxxiii].

+قۆناغی دووەم: لەدوای ساڵی (1991): ئەم قۆناغە لەپاش ڕوودانی ڕاپەڕینی ساڵی (1991) دەست پێدەكات. لەم قۆناغەدا لە زۆر ڕووەوە بەرەوپێشچوون ڕوویدا. لەپێشەوەیان بایەخدان بوو بە مێژووی كورد لەنێوپرۆگرامەكانی خوێندندا.ئەم گەشەسەندنە لەساڵی (1998) ئاڕاستەیەكی ڕوونتر وفراوانتر وەرگرتووە ئەوەتا لەو ساڵەدا قۆناغەكانی سێیەم و چوارەم دابەشكرا بۆ لقەكانی (لقی مێژووی كورد) و (لقی مێژووی گشتی)[xxxiv].

هەروەها یەكێكی دیكە لە پەرەسەندنەكانی ئەم قۆناغە كردنەوەی ماستەر و دكتۆرا بوو لە پسپۆڕی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، ئەوەبوو لە(1993/10/21) بە پێی فەرمانی كارگێڕی (2920/2/3) دوو كورسی بۆ خوێندنی ماستەر لە مێژووی نوێ وهاوچەرخ كرایەوە. لەساڵی (1995) خوێندنی دكتۆرا لەهەمان پسپۆڕی كرایەوە. پاشتریش لەساڵی (2000) مێژووی كۆن كرایەوە، بەڵام تا ئێستا خوێندنی دكتۆرا لەمێژووی كۆن نەكراوەتەوە[xxxv]. جێگەی ئاماژەپێدانە لە ئەیلوولی 1995 یەكەمین ماستەرنامە لە پسپۆڕی مێژووی نوێ وهاوچەرخ لەلایەن توێژەر (سەعدی عوسمان حوسێن) لەژێر ناوی (كوردستان والأمبراطوریة العثمانیة دراسة فی تطورها السیاسی 1514-1851م) پێشكەشكرا. لە ساڵی (1998) یەكەمین تێزی دكتۆرا

لەهەمان پسپۆڕی لەلایەن توێژەر (عەبدوڵڵا محەمەد عەلی) بەناونیشانی (کردستان فی عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بداية الحرب العالمية الاولى دراسة فی التأريخ السياسي) نووسراوە، هەروەها لەم قۆناغەدا یەکەمین نامەی ماستەر بەزمانی کوردی لەلایەن (کامەران احمد محەمەد ئەمین)ە بەناونیشانی: (کوردستان لەنێو ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890-1932 توێژینەوەیەك لە مێژووی سیاسی و ئابووری) بە سەرپەرشتی (د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس) نووسرا، پاشتریش (یاسین خالد حەسەن) بەناونیشانی: (کوردستانی ئێران (1939- 1979) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد) بەسەرپەرشتی (د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) یەکەم تێزی دکتۆرای بە زمانی کوردی لە ساڵی (2001) نووسی[xxxvi].

لە ئێستادا بەشی مێژووی وەرچەرخان و گەشەکردنێکی باشی بەخۆوەدیوە و ساڵانە چەندان خوێندکار پسپۆڕی لە بەشی مێژوو وەردەگرن، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە بوژاندنەوە و مێژوونووسی کوردیدا. بەجۆرێك ئەو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایانەی لەم بەشەدا تەواوکراون (200) ماستەرنامە وتێزی دکتۆران، لە هەر سێ پسپۆڕی (مێژووی کۆن، مێژووی ناوەند یاخود ئیسلامی، مێژووی نوێ وهاوچەرخ). وەك لە خشتەی ژمارە (1)دا نیشاندراوە[xxxvii]:

خشتەی ژمارە (1): بەرهەم ودابەشبوونی نامە ئەکادیمییەکان بەگوێرەی پسپۆڕیی

| جۆری خوێندن | پسپۆڕی | مێژووی کۆن | مێژووی ئیسلامی | مێژووی نوێ وهاوچەرخ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماستەر | | 5 | 70 | 79 | |
| دکتۆرا | | ---- | 26 | 20 | |
| کۆ | | 5 | 96 | 99 | 200 |

ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنێکی زانستیی بەرچاوی بەشی مێژوو لە بواری برەودان بە کاری ئەکادیمی لە نووسینی مێژوودا. شایەنی باسە، لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەختکراوەتەوەسەر ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆراکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، کە پێکدێت لە (79) ماستەرنامە و (20) تێزی دکتۆرا. لەلایەکی دیکەوە، بەشەکە ژمارەیەك کادری پسپۆڕ وئەکادیمیی بە پلەی زانستیی باڵا وپسپۆڕی جوداوە خزمەتی تێدا دەکەن، کە ژمارەیان (57) مامۆستا و وانەبێژن،لەخشتەی ژمارە (2)دا زانیاری ورد لەم بارەیەوە خراوەتەڕوو[xxxviii]:

خشتەی ژمارە (2): پسپۆڕی و پلەی زانستیی مامۆستایانی بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین

| پسپۆڕی/ پلەی زانستیی | پرۆفیسۆر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر | |
|---|---|---|---|---|---|
| مێژووی کۆن | --- | 1 | --- | --- | |
| مێژووی ئیسلامی | 7 | 3 | 8 | 8 | |
| مێژووی نوێ وهاوچەرخ | 4 | 4 | 6 | 16 | |
| کۆ | 11 | 8 | 14 | 24 | 57 |

لەبارەی ڕوئیا و ئامانجی ئەم بەشە، بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە گرنگیدان بە مێژووی کورد ومێژونووسی کورد وکوردستان

لەهەموو سەردەمە جیاوازەكاندا، ناساندنی زانستی مێژوو بە خوێندكارەكان، پەروەردەكردنی خوێندكاران بە هۆشیاری مێژوویی، فێركردن و ئاشناكردنی خوێندكاران بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی[xxxix].

وێڕای ئەمەش، پسپۆڕان و مامۆستایانی ئەم بەشە، هەوڵ وتەقەللا و بەشدارییەكی باشیان كردووە لە چالاكی جۆربەجۆر لەسەر ئاستی كوردستاندا ودەرەوەدا بە سازدانی سیمینار و كۆڕ وكۆنفرانس و دەركردنی كتێب و بڵاوكردنەوەی توێژینەوەی زانستی و بەرنامەی ڕاگەیاندن وەك سازدانی كۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە مێژووی كورد وكوردستان لەساڵی (2013). بێگومان ئەمەش شوێنێكی گرنگ داناوە ودادەنێت لە پەرەپێدانی بەهۆشیاری مێژوویی ومێژوونووسی لە كوردستاندا[xl].

**باسی دووەم: ئاڕاستە و ڕێبازی نووسینیی مێژوویی ماستەرنامەكان وتێزەكانی دكتۆرای بەشی مێژوو**

**تەوەری یەكەم: ئاڕاستەی نووسینیی مێژوویی**

كرۆكی هەموو پرۆسەیەكی نووسینەوەی مێژوو جەختكردنەوەیە لەسەر "ڕووداوە مێژووییەكان" یاخود ئەوەی پێدەوترێت "بابەتی مێژوویی". مێژوو و مێژوونوسیش سەروكاری لەگەڵ بابەتیی مێژوویدا هەیە و كار دەكات لەسەر كۆمەڵگەی مرۆیی لەباری بزاوتی و نەگۆڕییدا، وێنای ئەو پەرەسەندنە سیاسی و كۆمەلایەتی و فكری و ئابورییەكانی ڕابردوو بەخوێندنەوەی ئەو ڕووداوە یان بابەتە مێژووییانەی كۆمەڵگەی مرۆیی تۆماردەكات [xli]. ڕاستییەكەی، ڕووداوە مێژووییەكان یان بابەتی مێژوویی، كە گۆڕەپانی سەرەكی مێژوونووسانن، لەسەر سێ بنچینەی سەرەكی (كات، شوێن، مرۆڤ) وەستاوە، بەشێوەیەك هیچ كردەیی مێژوویی بەبێ ئەم سێ ڕەگەزە، نە دەكرێت بێتەئاراوە، نە ڕوودەدات، ئەمانەش وا دەكەن ئاڕاستە و وێنە بە ڕووداوەكان ببەخشێت[xlii]. بەهەمان شێوەش لێكۆڵینەوە مێژووییەكان، بە هێڵە سەرەكی و بنچینەییەكانی كردەیی مێژووییەوە وابەستەن.

لەم تەوەرەدا، هەوڵدەدین لەمیبیانی شیكردنەوەی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای لە پسپۆڕی مێژووی نوی وهاوچەرخ، كە سەمپڵی توێژینەوەكەیە لەچوارچێوەی ئەو بنچینە سەرەكییانەی توێژینەوەی مێژوویی لەسەر ی وەستاوە (كات، شوێن)، ئاڕاستەكانی نووسینەوەی مێژوو لەبەشەكەدا بەیان بكەین:

**1. كات**

چەمكی كات و مێژوو، دوو چەمكی لێكدانەبڕاون و گۆڕانی مێژووی هەر نەتەوەیەك وابەستەیە بە تێپەڕبوونی كاتەوە، لەبەرئەوەی كات جەوهەری سەرەكی هەموو كردارێكی مێژوویی پێكدەهێنێت و، شێوە بە ڕووداوە مێژووییەكان دەدات، بەشێوەیەك ناتوانرێت وێنای ڕوودانی هیچ كردارێكی مێژوویی بكەین بەدوور لە كات، چونكە هەموو ڕووداوە مێژووییەكان بەرهەمی كاری مرۆڤەكانن لە كاتێكی دیاریكراودا[xliii]. بۆیە تەنانەت وشەی مێژوو لە زمانی كوردی و عەرەبی وفارسیشدا یەكێك لە هاو واتاكانی بریتییە لە (كات- زەمەن)[xliv]. لەبارەی پەیوەندی نێوان كات و مێژووەوە، هایدیگەر پێیوایە: " كات یاخود زەمەن ئاسۆی تێگەیشتنی بوونیی ئەم جیهانەیە، نەك لەبەرئەوەی دیاردەیەكی سروشتییە وجوڵەی گەردوون دیاری دەكات، بەڵكو بەو پێیەی ڕەوتێكی مرۆییە بۆ چاودێریكردن و سەرپەرشتیكردنی داهاتوو كە مردن خۆی بۆ مەلاسداوە"[xlv].

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی، کە توێژەر لەسەر سەمپڵی توێژینەوەکەی کۆی کردۆتەوە، تێبینی ئەوە دەکرێت (کات وزەمەن) کارەکتەرێکی سەرەکی پێکهێناوە لە بەشێکی زۆری نامە ئەکادیمییەکانییدا. بازنە ڕوونکەرەوەی (Pie Chart)ی ژمارە (1) و(2) ئەوە ڕووندەکەنەوە

بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە(1): دابەشکردنی نامە ئەکادیمییەکان بەگوێرەی کات




بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە(2): پشکی مێژووی نوێ ومێژووی هاوچەرخ




لەهەردوو بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (1) و(2) ی سەرەوەدا، ڕێژەیەکی بەرفراوان تەرخانکراوە بۆ مێژووی سەدەی بیستەم بە بەراورد بە سەدەکانی دیکە بەچەشنێك(73) ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا لە کۆی (99) نامەی ئەکادیمییدا کە دەکاتە ڕێژەی (٪74) سەرجەم نامە ئەکادیمییەکان. ئەمەش گوزارشت لە ئاراستەی بیرکردنەوەی بەشی مێژوو دەکات لە دانانی ماوەی زەمەنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکان، کە سەدەی بیستەم پانتاییەکی فراوانی تێداگرتووە.

ڕەنگە ئەمەش وەك پسپۆڕ و توێژەرێکی مێژوویی ئاماژەی پێداوە بگەڕێتەوە بۆ " بەهۆی سەرنجراکێشی ئەم قۆناغەوەیە یان ئاسان تێگەیشتن و نووسینە لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم ماوەیە"، سەربارى ئەمەش دەکرێت فاکتەرێکی دیکە پەیوەست بە زانینی زمانەوە هەبێت، بەجۆرێك بەشێکی زۆری سەرچاوە و کەرەستە مەعریفییەکانی ئەم قۆناغە پێویستی بە ئاشنابوون بە زمانی عەرەبی یاخود کوردی هەیە، بۆیە توێژەران زێتر ڕوویان تێکردووە[xlvi]، هەروەك دەتوانین بڵێین بە ئاسان دەستهێنانی سەرچاوەکانی ئەم سەدەیە، وایکردووە بایەخی زێتری پێبدرێت[xlvii]، بەتایبەت لەدوای سالآنی (2000) کانەوە هەوڵ وتەقەلآیەکی ڕۆشنبیری بەرچاو هەست پێدەکرێت لە باشووری کوردستان لەلایەن ڕۆشنبیران ونووسەرانی کوردەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا وەك بازنەی ڕوونکەرەوەکەی ژمارە(1) دەردەکەوێت سەدەی نۆزدەهەم پلەی دووهەمی گرتووە، بە جۆرێك (18) ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی سەدەی نۆزدەهەم کردووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٪18) کۆی نامە ئەکادیمییەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ لە بەشی مێژوو، بەڵام سەدەکانی شازدە وحەڤدەهەم و هەژدەهەم وەك دەبینرێت کەمترین ڕێژەیان داگیرکردووە لە نێو نامە وتێزەکاندا و قورساییەکی وەهایان نییە لەباری بەراوردکردنیان بە هەردوو سەدەی دواتر، بەچەشنێك سەدەی هەژدەهەم تەنها (1) نامەی بۆ تەرخانکراوە[xlviii]، سەدەی شازدە وحەڤدەهەم تەنها (1) نامە کاری لەسەرکردووە[xlix]. بەگشتی هەرسێ سەدەی شازدەهەم وحەڤدەهەم و هەژدەهەم ڕێژەی (٪8) گرتووە لە کۆی نامە

ئەكادیمییەكاندا، بێگومان یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی ئەمەش ئەوەیە، كە زۆربەی توێژەران ئاشناییان بە زمانی توركی عوسمانی و فارسی نییە، كە كەرەستە و سەرچاوە مەعریفییەكانی ئەم قۆناغە مێژووییە بەو زبانانە نووسراون و پێویستی بە ئاشنابوون هەیە بەوانە، سەرباری ئەوەش دەستكەوتنییان بۆ توێژەریكی كورد زۆر گران وناڕەحەتە، بە پێچەوانەی سەدەی بیستەم، كە زۆرینەی سەرچاوەكان بە زمانی كوردی وعەرەبیین وئاسانتر دەستدەكەون[l]، تەنانەت ئەگەر لەم ڕووەوە سەرنج بدەینە ئەو ماستەرنامە وتێزی دكتۆرایانەی لەبارەی ماوەكانی (سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم و هەژدەهەم) نووسراون لەم بەشەدا سەرچاوەی توركی یاخود فارسی وەهایان بەكارنەهێناوە و لەو ڕووەوە كەرەستە مەعریفییەكانیان زۆر هەژارە، كە پشتیان پێبەستووە، هەرچەندە هەوڵ وتەقەلای زۆردراوە بۆ دەستخستنی سەرچاوەی پێویست، بەلام ڕەنگە هۆكاری نەتەوەیی ومادی وسەقامگیری سیاسی ڕۆلی خۆی هەبوبێت هەروەكوچۆن خۆیان لە پێشەكیی ماستەرنامە وتێزەكانیاندا ئامازەیان بۆ كردووە[li]. بۆیە پێویستە لە داهاتوودا بەشی مێژوو بایەخ و گرنگی بدات بە سەدەكانی شازدەهەم و حەڤدەهەم وهەژدەهەم و، ئەم كەلینە پڕبكاتەوە، توێژەرانیش ئەم ماوەیە بە هەندوەربگرن وكاری لەسەر بكەن.

لە سەرنجدان لەمەڕ كاتی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا بەگشتی ئەوە نیشاندەدات، كە مێژووی هاوچەرخ ڕێژەی زۆری نامەئەكادیمییەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخی پێكهێناوە، بەچەشنێك (73) نامەی ئەكادیمی كە دەكاتە (74٪) كۆی نامەكان لێكۆڵینەوەكەیان دەكەوێتە چوارچێوەی سەدەی بیستەمەوە، بە پێچەوانەوە مێژووی نوێ بایەخی كەمتری پێدراوە بە بەراورد بە مێژووی هاوچەرخ، كە تەنها(26) نامەی ئەكادیمی بەرێژەی (16٪) بۆ تەرخانكراوە. بڕوانەی بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە(2).

لەلایەكی دیكەوە، هەر لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی توێژەر لەبارەی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا دەستیخستووە، تێبینی دەكرێت لێكۆڵینەوەیەك كاری لەسەر ماوەیەكی زەمەنی درێژی كردووە وماوەی (سەدەكانی شازدەهەم و حەڤدەهەم و هەژدەهەم ونۆزدەهەیەم) وەك ناوەندی زەمەنی لێكۆڵینەوەكەی وەرگرتووە[lii]، هەروەها (5) نامەی ئەكادیمی دیكە ماوەی سەدەی ونیوێك یاخود دووسەدەی وەك ماوەی لێكۆڵینەوەكەی خستۆتەبەرباس وتوێژینەوە[liii]. بێگومان بەشێك لەمە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی لێكۆڵینەوەكان، لەوانەشە بەشێكی دیكەش بگەڕێتەوە بۆ كەمی سەرچاوە، بەتایبەت لەبارەی مێژووی كوردەوە. لەم بارەیەوە توێژەرێك لە پێشەكی وچوارچێوەی تێزەكەیدا ئاماژەی بەوەكردووە وتویەتی: " ڕوانینێكی كوردییانە بۆ ئەم ماوە درێژە...كەمی و دەگمەنی سەرچاوەی تایبەت بەولایەنانە بەشێوەیەك بە لاپەڕەیەكی تاریك دادەنرێت لە مێژوونووسی كوردیدا" وای كردووە ئەم ماوە درێژە وەربگرێت تا لێكۆڵینەوەكەی لەبارەی ئە نجامبدات[liv].

سەرباری ئەوەی (كات) لە زۆربەی ماستەرنامە وتێزەكاندا هاتوون، بەلام تێبینی ئەوە دەكرێت هەندێك لە ماستەرنامەكان وتیزەكانی دكتۆرا ناونیشانەكانیان بە تەواوی زەمەن و كاتی تێدانییە، هەرچەندە خوێنەر دەتوانێت لە ناوەخنی ناونیشانەكەوە ماوەی زەمەنی لێكۆڵینەوەكان دەستنیشان بكات، ڕەنگە هۆكارەكەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گرنگی بابەتە سەرەكییەكە لە ناونیشانی ماستەرنامە وتێزەكاندا وایكردبێت بەكارهێنانی زەمەن وكات وشوێن بایەخی خۆیان لەدەستبدەن لەبەرامبەر ماهییەت و گرنگی بابەت سەرەكییەكەدا، بۆیە كاتی تێدا نەهاتووە لە ناونیشانەكەدا[lv].

بەمشێوەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوە وداتایانەی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەکات، بەشی مێژوو هەوڵبدەن ئەو کەلێنە مێژووییانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە پڕبکەنەوە و بایەخی پێبدەن.

**2. شوێن:**

وەك لە پێشووتردا باسمان کرد یەکێك لە ڕەگەزەکانی بونیاتنەرەکانی مێژوو و لێکۆڵینەوەی مێژوویی (شوێن)ە. گومانی تێدا نییە، پەیوەندییەکی بەتین هەیە لەنێوان مێژوو و جوگرافیادا، بەچەشنێك بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، دەبێت لە شوێن و ژینگەکەی بکۆڵینەوە، هەروەك چۆن ناکرێت کردارەکانی مرۆڤ دابڕێن لە ژینگەی دەوروبەری لەبەرئەوەی شوێن شانۆی ڕووداو مێژووییەکانە و کاریگەریی تەواویی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و چالاکییەکانی و سیستەمی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتییەکەی هەیە[lvi]. لەم بارەیەوە توێژەرێك بە مجۆرە تیشك دەخاتەسەر ئەم پەیوەندییەی نێوان مێژوو و شوێن. دەڵێت:" پەیوەندی نێوان مرۆڤ وشوێن یاخود ژینگەکەی لە چوارچێوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، بەرهەمهێنەری ڕووداوی مێژووییە لە هەرسەردەمێك لە سەردەمە مێژووییەکاندا"[lvii] بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین ڕووداوی مێژوویی زادەی کارلێککردنی ژینگە و مرۆڤە لەچوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراوەدا. ئەمەش ئاراستە و چەمك بەمێژوو دەبەخشێت.

لەبارەی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆراوە، دەتوانین بڵێین، کە شوێن وەك ڕەگەزی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، لە بەشێکی زۆری ناونیشانەکاندا ڕەگەزی (شوێن) دیاریکراوە و بەهەندوەرگیراوە، هەندێکی دیکەش لە ناوەڕۆکدا زەمینێکی بۆ ماوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکەی داناوە. بەگشتی ئەو شوێنانەی لە ماستەرنامە وتێزەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخدا هاتووە بریتیین لە: (باشوری کوردستان، باکوری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وڵاتانی عەرەبی، ئێران، ئەمریکا). بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (3) و (4) لە خوارەوە ئەم ئاراستانە دەخاتەڕوو:

بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (3): دابەشبوونی نامە ئەکادیمیەکان بەگوێرەی شوێن




بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (4): پۆلێن بە پێی پارچەکانی کوردستان




بە سەرنجدان لە بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (3)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئاراستەکانی نووسینی مێژوویی لە ڕوانگەی شوێنەوە کاریگەری هەبووە لەسەر جۆراوجۆری وچەشنی هەڵبژاردنی ناونیشانەکانی ماستەرنامەکان وتێزەکانی دکتۆرا لە بەشی مێژوو، وەك تێبینی دەکرێت (کوردستان) پانتاییەکی بەرفراوانی لەنێو نامە ئەکادیمییەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی بەشی مێژوو داگیرکردووە، بەشێوەیەك (87) بەرهەمی ئەم بەشە بۆ مێژووی کورد و کوردستان وکەسایەتییە کوردییەکان تەرخانکراوە

كە ڕێژەی (88٪) كۆی گشتی نامە ئەكادیمییەكان دەگرێتەوە، بە پێچەوانەی شوێنەكانی دیكە كە تەنها (12) نامەی ئەكادیمی واتە: (12٪)ی نامە ئەكادیمییەكان، ڕەنگە هۆكارەكەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی ئەو حكومەتانەی كوردی بەسەردابەشكراوە دەرهەق بە مێژووی كورد، بۆیە دوای ساڵی 1991 دەرچەیەك بۆ ئەم بایەخدانە دەكاتەوە[lviii]، هەروەكو پسپۆڕێكی ئەم بوارەوە خۆی ئاماژەی پێكردووە و ئەزمونی خۆی دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەكات لەكاتی خوێندكارییدا ویستویەتی كتێبی شەرفنامە بخوازێت، بەلاّم پێیانوتوە ئەوە بۆ خواستنی گشتی نییە[lix]، لەلایەكی دیكە دەكرێت " گەڕان بەدوای ناسنامەدا" پاڵنەری سەرەكی بووبێت لای توێژەرانی كورد[lx]. بۆیە ئەمانە بونەتە پاڵنەرێك تا بایەخ بە مێژووی كورد وكوردستان زێتر بدرێت. ئەم زانیارییانە ئاماژەیەكی ڕوونن بۆ ئەوەی كە خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو زێتر پشتگیری ئەو ئاڕاستەیەی كردووە و دەكات.

لە پاڵ ئەمەشدا (پارچەكانی دیكەی كوردستان) لەنێو تێزە وماستەرنامەكاندا بەڕێژەی جیاواز دەبینرێن. ئەگەر سەرنج بدەینە بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (4) دابەشبوونی ئەو نامە ئەكادیمییانەی بایەخ بە مێژووی كورد دەدەن، ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە، كە باشووری كوردستان قەبارەیەكی زێتری بەركەوتووە بەشێوەیەك لە كۆی تێزوماستەرنامەدا (67) نامەی ئەكادیمی بە ڕێژەی (73٪). ئەمە لەكاتێكدا پارچەكانی دیكە پشكێكی كەمیان بەركەوتووە لە بەراوردكردنی لەگەڵ باشووری كوردستان. دوای باشووری كوردستان، ڕۆژهەلاّتی كوردستان پلەی دووەمی گرتووە و (7) نامەی ئەكادیمی بۆ تەرخانكراوە كە دەكاتە (8٪) ڕێژەی گشتی. پاشان (باكوری كوردستان) بە ڕێژەی (3٪) بە پلەی سێیەم دێت. بەلاّم هیچ جۆرە ماستەرنامە وتێزێك لەسەر ڕۆژئاوای كوردستان بەدی ناكرێت، كە لەم بەشەدا بەرهەمهاتبێت، ڕاستییەكەی ئەم بایەخدانە بۆ باشوور پێدەچێت بەشێكی ڕەنگدانەوەی بایەخ و پسپۆڕییەكانی سەرپەرشتیارانی ناو بەشەكە بێت. هەڵبەتە لەم ڕووەوە كەموكورتیی وكەلێنێكی گەورەیە، پێویستە بەجدی ئاوڕبدرێتەوە لەمێژووی ڕۆژئاوای كوردستان و ئەو شوێنانەی كوردی تێدا هەن.

لەلایەكی دیكەوە لەسوچی ژمارەوە ئەو لێكۆڵینەوانەی شوێنیان بەهەند وەرگرتووە، ئەگەر سەیری ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا بكەین ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، كە مێژووی (ناوخۆیی-لۆكاڵی)، لێرەدا مەبەستمان (مێژووی هەولێر)ە ڕێژەیەكی بەرزی گرتووە لەكاتی دیاریكردنی ناونیشانەكاندا بەشێوەیەك (10) نامەی ئەكادیمی كە دەكاتە(10٪) لە لایەنەكانی ڕۆشنبیری و ئابوری وكۆمەلاّیەتی وفكری هەولێردا دواوە. هەروەها (3) نامەی ئەكادیمی دیكەش لە ئەو ناوچە وشوێنانەی دەكەونە ناو پارێزگای هەولێر وەك ڕەواندز، بارزان، شەقلاوە دەكۆڵنەوە[lxi]. سەرەڕای ئەمەش شاروشارۆچكەكانی دیكەی باشووری كوردستان بە ژمارەیەك باش ڕومالّكراون لە نێو نامە ئەكادیمییەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ وەك (سلێمانی، كەركوك، پشدەر، چەمچەماڵ، كفری)[lxii]. جێی باسە، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی كارگێڕی و كۆمەلاّیەتی و ئابوری ورۆشنبیرییەوە لێكۆڵینەوە لەسەر مێژووی لۆكاڵی كراوە، بەلاّم ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە، كە لایەنی سیاسی تێیدا زاڵ ودیارە وكراوەتە چەق وتەوەری لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە مێژووی لۆكاڵی.

لە پاڵ مێژووی كورد وكوردستان، شوێنەكانی دیكەی وەك ئێران و عێراق وئەمریكا ولاّتانی عەرەبی لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە بەئەنجام گەینراوە، بەلاّم كەمترین لێكۆڵینەوەیان بۆ تەرخانكراوە ئەگەر بەراوردی بكەین بە كوردستان، بەچەشنێك ئێران

(5) و عێراق (4) و تورکیا (1) و ئەمریکا (1) و ولاّتانی عەرەب (1) و ولاّتانی ئەوروپی (1) ناونیشانی نامەی ئەکادیمییان بۆ دانراوە، کە لە کۆی گشتی نامەکاندا تەنها ڕێژەی (13٪) پێکدەهێنن، هەرچەندە بەشێك لەمانە شوێنی (کوردستان) دیویکی ناونیشانەکانی بۆ تەرخانکراوە و بزاڤی کوردی ئامادەگی بوونیی هەیە [lxiii]،لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەمان بیربچێت (مێژووی ئەوروپا و تورکیا و ولاّتانی ئاسیا و ئەفریقیا) بە تەواوی فەرامۆشکراوە و هیچ جۆرە ئاوەڕدانەوەیەکی بۆ نەکراوە لەلایەن بەشی مێژووەوە. بەتایبەت هەندێك لەم ولاّتانە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست هەبووە وهەنووکەش بەردەوامە، کە کورد نەتەوەیەکە و لەم ناوچەیەدا دەژی. سەربارى ئەمانەش، لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرادا هەندێ لێکۆڵینەوە هەن، کە هیچ ئاماژەیەکی شوێنیان تێدا نییە وەك لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان یاخود کەسایەتییەکان، هەرچەندە ئەمەی دواییان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ شوێن تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە مێژووی کەسایەتییەکاندا شوێن لەناوەخنی ناونیشانەکاندا بوونی هەیە و، شانۆی کاروچالاکییەکانی ئەو کەسایەتییانە بوون[lxiv]. هەروەها نزیکەی (11) ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا هەن، کە لەم بەشەدا بە ئەنجام گەینراون و واتای شوێن تێیدا سنوری ناوچەیی و قەوارەی دەوڵەت وئیمپراتۆرەکانی بەزاندووە و کۆی کوردستانی گەورەی وەك ناوچەی لێکۆڵینەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەتایبەت ئەو نامە ئەکادیمییانەی تایبەتن بەمێژووی نوێ، ئەو ڕێژەیە کاری لەسەر کۆی کوردستان کردووە وسنورەکانیان بەزاندووە[lxv].

بەگشتی لەبەر رۆشنایی داتاکان، توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات، سەرنج بخرێتەسەر مێژووی ولاّتانی دیکە، چونکە ئەمە کەلێنێکە لە خوێندنی بالاّی کۆنترین بەشی مێژوو تا لەهەموو لایەنەکانەوە پسپۆڕی پێویستی هەبن، کە ئەمە دەبێتەهۆی پەرەپێدانی لایەنی ئەکادیمی، جگە لەوەش بایەخدان بە مێژووی پارچەکانی دیکەی کوردستان پێویستییەکی نیشتمانییە.

### تەوەری دووەم: ڕێبازی نووسین و کەرەستە وکایە مەعریفییەکانی ماستەرنامە وتێزەکان

#### 1. ناوەڕۆك و کایە مەعریفییەکانی

هەڵبژاردنی بابەت بە یەکێك لەو ئەرکە سەرەتایی و گرانانەی مێژوونوس یان توێژەری ئەکادیمی بواری مێژوویی هەژماردەکرێت، چونکە لە دەستنیشانکردنی بابەتی مێژووییدا چەند مەرجێك لە توێژەر یا مێژوونووس دەخوازرێت وەك نوێگەریی و نووسینی تێزی داهێنەرانە، بابەتی ڕەسەن، ئامرازەکانی گەیشتن بە ئەنجام، وابەستەبوونی بە چوارچێوەی کات و شوێنەوە[lxvi]. ڕاستییەکەی، بابەت یاخود ئەوەی پێیدەوترێت ناوەڕۆکی مێژوویی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بە ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێت، چونکە بەبێ بوونی بابەتی مێژوویی، کە مەبەستمان سەرجەم پاشخانە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری وهزرییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، نووسینی مێژوویی گەلاّڵە نابێت وناتوانێت شێوەی کۆتایی خۆی وەربگرێت. بۆیە دەکرێت بابەتی مێژوویی بە مەکۆییەك دابنێن کە لەمیانی کارلێککردنی ڕووداو و کات و شوێندا دێتەئاراوە و شێوەی بابەتی لێکۆڵراو وەردەگرێت، بابەت یاخود ناونیشان گوزارشتە لە جەوهەری ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت[lxvii].

بێگومان، کایەکانی مەعریفەی مێژوویی تەنها سەرگوزەشتە کەسایەتی و پاشاکان و جەنگەکان نیین، بەڵکو مێژووی پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابوری وفکری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە[lxviii]، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەکانیی مێژووش ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە گشتیگرە بن و، قەتیس نەکرێن لە تەنها کایەکی مەعریفەی مێژوویی.

لە خوێندنەوە و پشکنینکردنی ناوەڕۆکی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە دەردەکەوێت، کە چەند کایەکی مەعریفی وەکو: (مێژووی سیاسی ، مێژووی کۆمەڵایەتی، مێژووی ئابوری، مێژووی کارگێڕی، مێژووی سەربازی، مێژووی فکری) لەنێو نامە ئەکادیمییەکانی بەشی مێژوودا ڕەنگدەداتەوە. بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5) گرنگترین ئەو کایە مەعریفیانە نیشاندەدات

بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5) دیمۆگرافیای کایە مەعریفییەکانی نامە ئەکادیمیەکان




بەسەرنجدان لە بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5)ی سەرەوەدا ئەوەمان پێشاندەدات، کە کایەی سیاسی پلەی یەکەمی گرتووە و بایەخێکی هێجگار زۆری پێدراوەك ئەوەتا (45) نامەی ئەکادیمی، کە ڕێژەی (45٪) لە ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا تەرخانکراون بۆ ئەم کایە مەعریفییە، هەڵبەتە ئەمەش بەشێکی زۆری ڕەنگدانەوەی ئەو باروۆخە سیاسییە، کە کۆمەڵگەی کوردی تێکەوتووە و هەمیشە لەژێر چاپۆکی ستەمی سیاسی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەمارگیری ناسیۆنالیستی دەوروبەرەکەی بووە و بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە گوزارشت لە بیرکردنەوەی سیاسی خۆی بکات وەك کوردێك.لەم بارەیەوە نووسەری یەکێك لەتێزەکانی، کە لە کایەی سیاسی دواوە لە پێشەکی تێزەکەیدا بە ڕوونی پەنجەی خستۆتەسەر ئەم ڕوانگەیە و دیاریکردنی کایەی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەکەی. نووسیویەتی:" بە زمانی کوردی وبەقەڵەمی کوردێك شرۆڤەی سیاسەتی ئێران بکات...لەوانەیە ئەوانی بیانی بەپێی بەرژەوەندی و دەمارگرژییە ناسیۆنالیستەکەی خۆیان لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیبێ"[lxix]. لەلایەکی دیکەوە ئاراستەی سەرپەرشتیارانی ناو بەشەکە وپرۆگرامی خوێندنی بەرایی کاریگەری خۆی هەیە چونکە بەشێکی زۆری پرۆگرامی بەرایی لەبەشی مێژوو چڕبۆتەوە لە مێژووی سیاسیی، ئەوانی دیکە زۆر بە کەمی دەبینرێن وجێی بایەخ بوون[lxx]. هەروەها لەوانەیە پابەندبوون بەمەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوئیایەی مێژوونوسان لەسەدەی هاوچەرخ لەهەمبەر دەوڵەت هەیانبووە، مێژوونووسان پێیانوابووە دەوڵەت بزوێنەری سەرەکی ژیانە و چارەنووسی قوڵی بەسەر

لایەنەكانی دیكەوە ناو كۆمەڵگەوە هەیە. جگە لەوەش ڕاییان وابووە مێژوو جگە لە ژیانی كەسایەتییەكان و مێژوو دەوڵەت هیچی دیكە نییە وناگرێتەوە[lxxi]. بۆیە بەدوور نابینرێت توێژەرانی بەشی مێژوو و سەرپەرشتیارانی كاریگەربووبن بەم تێزە، هەرچەندە ئەم ئاڕاستەیە بەشێوەیەكی زێتر لە نێو توێژەرانی مێژووی كورد دا جێی بایەخ بووە بە ئامانجی تێگەیشتن و فامكردنی چییەتی سیاسەت و چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كورد دا. بێگومان، ئەمەش وێنایەكی دیكەی ئاڕاستەی نووسینیی مێژوویی بەشی مێژوو بەیان دەكات.

سەرباری ئەو بایەخدانە بەرفراوانەی لەنێو نامە ئەكادیمییەكاندا دەبینرێت لەهەمبەر پرسە سیاسییەكاندا، كەچی لایەن و بایەتەكانی دیكەش كەم تا زۆر جێگەی بایەخ بووە وەك مێژووی كۆمەلایەتیی (4) نامەی ئەكادیمی كایەی كۆمەلایەتییان لە لێكۆڵینەوەكانیاندا بایەخ پێداوە، كە دەكاتە ڕێژەی (4٪) ، بەلام لایەنی سەربازی و ئابوری هەریەكەیان (1) نامەی ئەكادیمی لەسەر نووسراوە. شایەنی باسە، لە ئەم (6) نامە ئەكادیمییەدا ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەكی سەربەخۆ لێكۆڵینەوەیان لە كایەی كۆمەلایەتی و ئابورییەكان وسەربازی دا كردووە، بەلام لە(26) نامەی ئەكادیمی دیكەدا كایەكانی كۆمەلایەتی وئابوری و سیاسی و كارگێڕی و ڕۆشنبیریی وفەرهەنگی بەشێوەی بابەتی پێكەوەلكێنراو وەرگیراوە و لێكۆڵینەوەیان لەسەركراوە، واتە: ڕێژەی (26٪) كۆی نامە ئەكادیمییەكان لێكۆڵینەوەكانیان بۆ زێتر لە كایەیەكی مەعریفیی چڕكردۆتەوە، بەتایبەت لەو ماستەر وتێزانەی باسی شاروشارۆچكەكان دەكەن[lxxii].

لەلایەكی دیكەوە (10) نامە ئەكادیمی، كە ڕێژەی (10٪) ماستەرنامە وتێزەكان پێكدەهێنێت لە سەرجەمی ئەونامانەی لەبەشەكەدا بە ئەنجام گەینراوە،تەرخانكراوە بۆ (كەسایەتی). بێگومان كەسایەتیی بابەتێكی گرنگی نێو زانستی مێژوو پێكدەهێنێت، بەتایبەت ئەم كەسایەتییە كوردییانەی ڕۆڵێكی ڕۆشنبیریی و سیاسی وئیداری بەرچاویان لەمێژووی كۆمەڵگەی كوردیدا بینیوە و كەسانێكی گرنگی نێو جوڵەی كۆمەلایەتی و سیاسی بوون، بۆیە لێكۆڵینەوە لەباسوخواز وژیانی كەسایەتییەكان وێنایەكی بارودۆخی مێژووی كۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی لەنێو پێگەیشتن و ڕۆژگارەكانی ژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە[lxxiii]. هەروەها كایەكانی فەلسەفی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیش، فەرامۆش نەكراوە و، چەند نامەیەكی بۆ تەرخانكراوە وەك بازنەی ڕوونكەرەوەكەی ژمارە (5) دا خراوەتەڕوو، بەلام دەبینین ئەم بایەخدانە زۆر كەمە، ئەگەر بەراوردی بكە بە لایەنی سیاسی و كەسایەتییەكان[lxxiv]، ئەمەش بۆشاییەكی گەورە دروستكردووە لەبەشەكەدا، لەبەرئەوەی لایەنی فەلسەفەی مێژوو لەزانستی مێژوودا زۆر پێویستییە و لە هەموو توێژەر و مێژووناسێك دەخوازرێت ڕوئیایەكی فەلسەفی بۆ ڕووداوەكان هەبێت و، مەغزا و ئامانج لە پشتی ڕووداو وبابەتە مێژووییەكان هەڵێنجێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە لێرەدا مێژوونووس تەنها وەكو تۆماركەرێكی ڕۆژانە پێشچاو دەكەوێت و هیچ گوزارشتێك نادات بەدەستەوە و پەندو وانەی لێوە وەرناگرێت[lxxv].

لە دواجاردا، ئەو زانیارییانەی سەرەوە و لەدیدی ئەو كایە مەعریفییانەی لە نێو ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا هاتوون ئەوە ڕووندەكەنەوە، كە وێڕای بایەخدان بە مێژووی كۆمەلایەتی ومێژووی ئابوری و مێژوی ڕۆشنبیریی، هێشتا ئاڕاستەی

مێژووی سیاسیی تاكە ئاراستەی زاڵە لە كایە مەعریفییەكانی خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا، مێژووی دبلۆماسی ویاسایی وفكری تاڕادەیەكی زۆر ونە تێیدا.

2. كەرەستە مەعریفییەكان

هەریەك لە نووسینی مێژوویی و زانستی مێژوویی، كە كار لەسەر بونیادنانەوەی ڕابردوو دەكەن لەمییانی خستنەڕووی پرس وبابەتەكاندا پێویستیان بە كەرەستەیەكی مەعریفی هەیە بۆ گەیشتن بەو ئەو ئامانجەی مەبەستێتی. لێرەدا سەرچاوەكان بەهەموو جۆرەكانییەوە گرنگترین كەرەستەی مێژوونوسین بۆ ئەو كارە مەزنەن و ڕۆڵێكی بنەڕەتی دەگێڕن لە لێكۆڵینەوە زانستییەكاندا[lxxvi]، چونكە هەموو لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی پێویستی بەسەرچاوەیەی زانیارییە ومەعریفییە تا زانیاریی لێ هەڵێنجێت. بایەخی هەموو لێكۆڵینەوەیەك لە چلۆنایەتی ئەو كەرەستانەدایە، كە زانیاری لێ وەرگرتووە، بەجۆرێك بەهای زانستیی و گرنگی هەر نووسینی مێژوویی وابەستەكراوە بە دەستخستنی سەرچاوەی جۆراوجۆر و گرنگ لەڕووی كات و هاوچەرخیبون و پەیوەندییان بەوبابەتەی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە دەكرێت[lxxvii].

لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی لە ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرادا هاتووە، تێبینی دەكەین، كە گرنگترین ئەو كەرەستە مەعریفانەی توێژەران لە بەشی مێژوو سودییان لێ وەرگرتووە بریتیین لە: (بەڵگەنامەكان، كتێب- دەستنووس، لێكۆڵینەوە و وتار، رۆژنامە، نامەی ماستەر و تێزەكانی دكتۆرا، چاوپێكەوتن، یاداشت و بیرەوەری، بڵاوكراوە حكومیی و حزبی، پێگەی ئەلیكترۆنییەكانی ئینتەرنێت). لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە بڕی بەكارهێنانی هەریەك لەم كەرەستانە هەیە لە نامەیەكی ئەكادیمییەوە بۆ نامەیەكی ئەكادیمی دیكە، بەڵام بەگشتی هەموو ئەمانە كەرەستەیەكی گرنگی مەعریفییان پێكهێناوە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی مێژوویی، كە ئەمەش بێگومان گوزارشت لە زانستیبوون وفراوانبوونی ئاسۆی زانستیی مێژوونووسی دەكات لەلای توێژەرانی كورد و سەرباریشیە بۆ بەهای بەرهەمە فكرییەكانی ئەم بەشە.

لەسەرووی هەموویانەوە بەڵگەنامەكان دێت، بێگومان ئەمەش بەهەردوو جۆرەكەیەوە (بڵاوكراو وبڵاونەكراوە) شوێنێكی دیاری لەسەر ماستەرنامە وتێزەكاندا بەجێهێشتووە، بەچەشنێك نامەیەك یاخود تێزێك بەرچاو ناكەوێت، كە بەڵگەنامەی تێدا بەكارنەهێنرابێت. تێبینی دەكرێت ئەو بەڵگەنامانەش زیاتر وەرگیراون لە چەند دامەزراوەیەكەوە وەرگیراون (خانەی كتێب و بەڵگەنامەكانی عێراق، وەزارەتی ناوخۆ، فەرمانگەی تۆماری گشتی PRO لەندەن، مەڵبەندی توێژینەوەی موسڵ، وزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، بەڵگەنامەكانی C.I.A) . هەر لەم چوارچێوەیەشدا بەڵگەنامە بڵاوكراوەكان بە زمانی كوردی كەرەستەیەكی گرنگی مەعریفین بۆ توێژەرانی بەشی مێژوو نموونەی ئەمەش ئەو بەڵگەنامانەی د.ئەحمەدعوسمان ئەبوبەكر لە گۆڤاری (الثقافة) دا بلاوی كردۆتەوە، هەروەها هەندێ لەو بەڵگەنامانەی دیكەش، كە لە چوارچێوەی چەند كتێبێكدا بڵاوكراونەتەوە وەكو (بەڵگەنامەكانی میرنشینی ئەردەلان بابان سۆران لە بەڵگەنامەكانی قاجاریدا، الكورد في وثائق العثمانية، يوميات وثائق الوحدة العربية 1983، وثائق مجلس التعاون للدول الخليج العربية، ساڵنامەكانی عوسمانی)[lxxviii].

هەروەها دەستنوسەکانیش لە نێو کەرەستەکانی دیکەدا فەرامۆشنەکراوە و جێی بایەخ بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەك بژاردە بکەین، کە لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرادا هاتوون: دەستنووسی مستەفا بەگی جاف، دەستنووسی ئەسعەد خدر گۆمەتاڵی، تاریخی امارە سوران مەلا ئەسعەد خەیلانی[lxxix].

کەرەستەیەکی دیکە، کە بەشێوەیەکی زۆر بەربلاو بەکارهێنراوە بریتییە لە کتێب بەهەموو زمانەکانی (کوردی وعەرەبی و فارسی و ئینگلیزی وتورکی).لەنێو ئەم جۆرەی سەرچاوەدا ئەو کتێبانەی بە زمانی عەرەبی نووسراون بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەکارهاتوون، بەتایبەت ئەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە مێژووی باشووری کوردستان یاخود مێژوو عێراق وەك تاریخ الوزارات العراقیە. بێگومان ئەمەش بەشی زۆری بۆ سروشتی ناونیشانەکان دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندییان بە باشووری کوردستانەوە هەبووە وەك لە تەوەری پێشووتردا باسمان کرد. لەلایەکی دیکە تێبینی ئەوە دەکرێت لەدوای ساڵی (2000) ئەو کتێبانەی بە زبانی کوردی نووسراون یاخود وەرگێڕاون ڕێتێکی بەرفراوانیان لە پێکهێنانی مەعریفەی مێژوویی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرادا هەیە، بە پێچەوانەوەی ساڵانی پێشووتر، کە زۆرترین کتێبی زبان عەرەبی بەکارهێنراوە. شایەنی باسە، ئەو هەوڵ وتەقەڵلا بەرفراوانەی لەم بارەیەوە لە کوردستاندا بەرهەمهاتووە، کە سەدان کتێب وەرگێڕاو یاخود نووسراون لەبارەی مێژووی کورد بەتایبەتی ومێژووی جیهان شوێنی خۆی لەسەر ماستەرنامە وتێزەکان داناوە. هەروەها ئەو کتێبانەی بە زمانی فارسی نووسراون لەو بابەتانەی تایبەتن بە مێژووی ئێران کەرەستەیەکی پڕبایەخی مەعریفین بۆ نامە ئەکادیمییەکان، بەڵام بەکارهێنانی ئەو کتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی وتورکی نووسراوە ڕێژەیەکی زۆر کەمی گرتووە، بەشێوەیەك لەزۆربەی نامەکاندا لە 10 سەرچاوە تێنەپەڕیوە، ئەمەش مانای وانییە سوودی لێ نەبینرابێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر ئەگەر بەراوردی بکەین بە کتێبە زبانەکانی دی، هەروەك بۆ کتێبە تورکییەکانیش دروستە. لەوانەشە وەکو پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد ئاشنانەبوونی ئەم دوو زمانە لەلایەن توێژەران یاخود چەشنی ناونیشانەکان هۆکاربن[lxxx].

سەرباری ئەمانەش، هەندێك لە ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا، بۆ دەستخستنی زانیاری کەرەستەیەکی دیکەی گرنگیان بەکاربردووە بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو ئەویش (ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان)ە، جا ئەو ڕۆژنامە وگۆڤارانە نهێنی بوبن یاخود ئاشکرا. لە نموونەی ئەمەش: ژین، ژیانەوە، گەلاوێژ، نزار، رزگاری،ئازادی، هەتاو، بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ، ڕەنگین، تاد. ئەگەر سەرنج بدەین ئەمجۆرە لەسەرچاوە لەو بابەتانەی بایەخیان بە ڕۆژنامەگەری کوردی داوە ڕەنگدانەوەی دەبینرێت چونکە کەرەستەی سەرەکی بابەتەکەیان بووە. وە نەبێت تەنها ڕۆژنامە کوردییەکان سەرچاوەی مەعریفەی ماستەرنامە وتێزەکان بن، بەڵکو ڕۆژنامە فارسییەکانی وەکو ماهنامە ازادی، کیهان، اغازنامە،اطلاعات جمهوری اسلامی و، ڕۆژنامە عێراقییەکانی وەکو الوقائع العراقیە، العراق، صدی العراقیە، فتی الموصل و، ڕۆژنامە ئینگلیزییەکانی وەك The New york Times، Washington Post،The Times Magazine و، ڕۆژنامە عوسمانییەکانی وەك نومرو، موصل بەشێوەی پێویست لەنێو ماستەرنامە وتێزەکان دەبینرێن[lxxxi].

وێڕای ئەمانە، دەکرێ یاداشت و بیرەوەرییەکان و چاوپێکەوتن بەسەرچاوەیەکی دیکەی پێکهێنان و گەیشتن بە هەقیقەتە مێژووییەکان دابنرێن، کە لە نامە ئەکادیمییەکاندا بەکارهێنراون، بەتایبەت لەو ماستەرنامە وتێزانەی باسی بزاڤی

رزگاریخوازی کوردی دەکەن، لەمەدا سوودی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری ئەو کەسانە بینراوە، کە ڕاستەوخۆ بەشێك بوون لە ڕووداوە مێژووییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و پارت وڕێکخراوە سیاسییەکان چونکە لای خۆیانەوە زۆر هەقیقەتی مێژوویی نیشان دەدەن، کە لەسەرچاوەکانی دیکەدا نابینرێن ودەست ناکەون[lxxxii].

بەدەر لەمانەش چاپکراوە حکومییەکان و بڵاوکراوە حزبییەکان لایەنێکی گرنگ لە کەرەستەی مەعریفی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرای بەشی مێژوو داگیردەکەن[lxxxiii]، هەروەها پاش ئەو پێشکەوتنەی لە بواری ئایتییدا هاتۆتەکایەوە نابێت (ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان)مان بیربچێت، ئەمانەش لای خۆیان تاڕادەیەکی باش لەگەڵ فەرهەنگۆك و ئینسایکلۆپیدیاکانیش ڕۆڵێکی بنچینەییان گێڕاوە لە پێکهێنان و بونیادنانی ڕووداوە مێژووییەکان لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، بەتایبەت لە ناساندنی شوێن وکەسایەتییەکاندا، سەرباری ئەمانەش هەریەك لە لێکۆڵینەوەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و کاسیتی ڤیدیۆی و دۆکۆمێنتاری بەشێکن لەو کەرەستانەی بەکارهێنراون بۆ گەیشتن بە مەعریفەی مێژوویی لەنێو ماستەرنامە وتێزەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، نامە ئەکادیمییەکان لەمێژووی نوێ وهاوچەرخ، هەوڵ وتەقەڵلایەکی زۆری تێدا دەبینرێت بۆ فراوانکردنی کەرەستە مەعریفییەکان و بەکارهێنانی لە نووسینی مێژووییدا. ئەمەش خزمەتێکی بێ وێنەی بەشی مێژوو نیشاندەدات، کە پێشکەشی کتێبخانەی مێژوونووسی کوردی کردووە.

## 3. ڕێبازی لێکۆڵینەوە

هەرگیز مێژوونووس یاخود توێژەر بەبێ تێگەیشتن لە میتۆد ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، لەبەرئەوەی میتۆد گوزارشت لە هۆشیاری توێژەر یاخود مێژوونووس دەدا لەمەڕ بابەت و هەنگاوەکانی بۆ چۆنییەتی کارکردن لەسەر ناوەڕۆکی کێشە وبابەتەکان و خستنەڕووی بەڵگە و گەیشتن بە ئەنجامگیرییەکی ڕوون، هەرچەندە میتۆد چوارچێوەیەکی جێگیری نییە، دەکرێ لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی دیکە، یاخود لە جۆرێکی توێژینەوەوە بۆ توێژینەوەیەکی دی یان لەچارەسەری کێشەدا بگۆڕدرێت. بەگشتی چوارچێوەیەکی گشتی پەیڕەوکراو بوونی هەیە. لەمەوە ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، مەبەست لە بەکارهێنانی میتۆد یاخود ڕێباز چییە؟ دەتوانین بڵێین مەبەست لە بەکارهێنانی میتۆد ڕوونکردنەوەی خاڵە لاواز و سەرەکییەکانی زانیاری و داتاکانە هەتاوەکو کۆشش و هەوڵەکانی توێژەر بەهەدەر نەچێت[lxxxiv]. لەم سۆنگەیەوە میتۆد و بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا، جێ وبایەخی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە لە کۆنەوە تا هەنووکە پەرەسەندنێکی بەرچاو وگۆڕانێکی ڕاستەوانەی بەخۆوەدیوە[lxxxv]. بەمشێوەیە دەکرێ ڕێبازی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا، بناسێنین بەوەی: " ئەو قۆناغانە دەگرێتەوە، کە لەمیبیانیانەوە توێژەر دەگات بە هەقیقەتە مێژووییەکان، هەر لە دیاریکردنی ناونیشانەوە دەست پێدەکات تا کۆکردنەوەی سەرچاوەکان وچەسپاندنی ڕاستیی زانیارییەکان و ڕەخنەگرتن لێیان و ڕێکخستن و پێکهێنانی بەشێوەیەکی مێژوویی دروست"[lxxxvi].

سەبارەت بە میتۆد و بەکارهێنانی لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرای بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین لەچوارچێوەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەماندا، دەکرێت لە ڕێگەی تێبینی و سەرنجدان لێیان پە نجە بخەینەسەر چەند خاڵێك بەرلەوەی ئاماژە بە جۆرەکانی میتۆدی بەکارهاتوو بکەین تێیاندا :

1. لە کۆی (99) ماستەرنامە وتێزی دکتۆرادا (71) نامەی ماستەر وتێزی دکتۆرا ئاماژەیان بە بەکارهێنانی میتۆدی نووسینەکەیان نەکردووە، هەرچەندە بەگشتی پەیڕەوی میتۆدی مێژوویی کراوە. ئەمە لەکاتێکدا تەنها (28) نامەی ئەکادیمی بە ڕوونی ئاماژەیان بەمیتۆدەکە کردووە.
2. بەگشتی کاتێك سەرنج لەناوەڕۆکی ئەو نامە ئەکادیمییانە دەدەین، کە ئاماژەیان بە جۆری میتۆد کردووە، سێ جۆر میتۆد بەکارهاتووە (کرنۆلۆژیایی، وەسفی مێژوویی، شیکاری، پێکهێنان، شیکردنەوەی ناوەڕۆك).
3. لە خستنەڕووی نووسینەکانیاندا، بە دوو جۆر میتۆد ڕووداو و بابەتە مێژووییەکان خراونەتەڕوو، ئەوانیش: (ساڵانە، بابەت)ن. مەبەست لە ساڵانە خستنەڕووی بابەتەکان بەگوێرەی زەمەن، هەرچی بابەتیشە مەبەست لە خستنەڕووی بابەتە مێژووییەکان بەشێوەی بابەتییە.
4. هەندێ لەو نامە ئەکادیمییانەی میتۆدیان ئاماژە پێکردووە، کەوتونەتە هەڵەوە لە چۆنییەتی ئاماژەدان بە ماهییەتی میتۆدەکە وەك تێکەڵکردنی ئامانج و ڕێباز، کە دووشتی تەواو لێکجودان یاخود بەگشتگیری ئاماژەی پێیداوە و نووسیویانە "ڕێبازی توێژینەوەی زانستی" بەکارهێنراوە یان نووسین و ئاماژەدان بەجۆرێك لە میتۆد، کە لە فەلسەفە و میتۆد ئەو جۆرە ڕێبازەمان نییە وەك میتۆدی خستنەڕوو[lxxxvii].

پێشووتر، تیشك خرایەسەر ئەوەی سەرجەم نامە ئەکادیمییەکان پابەندن بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی، چونکە لە بناغەدا ئەو قۆناغ و ڕێگایانەی پەیڕەویان کردووە، هەر لەدیاریکردنی ناونیشانەوە و پۆلێنکردنی بەشەکان و خستنەڕووی داتا وبەکارهێنان وکۆکردنەوەی سەرچاوە وئە نجامگیری دەکەونە چوارچێوەی ڕێبازی توێژینەوەی مێژووییەوە.

بێگومان هەموو توێژەرێك شێواز و ڕێگایەك بۆ خستنەڕووی بابەتە مێژووییەکان بەکاردەهێنێت، بەسەرنجدان لە نموونەی توێژینەوەکەمان، تێبینی دەکرێت بەشێك لە توێژەران بۆ خستنەڕووی نووسینەکانیان، کاریان لەسەر میتۆدی ساڵانە کردووە واتە : ڕێکخستن و خستنەڕووی بابەتەکانیان بەگوێرەی ساڵ، هەرچەندە چەندین ڕووداویان جێگەکردۆتەوە لەژێر ئەو ساڵانەدا و ناونیشانی جودایان بۆ داناوە[lxxxviii]. هەندێکی دیکە میتۆدی بابەتیی لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا بەکارهێناوە، بە واتایەکی دی توێژەران لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کێشەی لێکۆڵراو یاخود دیاردەیەك کردووە، ئەوەش بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندیی بابەتی نەك (زەمەن وساڵ) بۆ خستنەڕووی بابەتەکانیان،ئەمەش بە ڕوونی لەو نامە ئەکادیمییانەدا ڕەنگدەداتەوە، کە پۆلێنکراوە لەسەر بنەمای بابەت وەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، هەڵوێستی پارتێکی سیاسی[lxxxix]

لەسەرێکی دیکە هەندێك لە ماستەرنامە وتێزە ئەکادیمییەکان میتۆدەکانیی (وەسفی وشیکاری و پێکهاتن) یان، بۆ چارەسەری ناوەڕۆکی بابەت یان ڕووداوەکان بەکارهێناوە. لەبارەی میتۆدی وەسفییەوە، کە جۆرێکی میتۆدی بەکارهاتووە

بەشێوەیەکی گشتی لەونامە ئەکادیمیانەدا بەکارهێنراون، کە مێژووی شارەکان کراوەتە تەوەری نامەئەکادیمییەکانیان و توێژەران تەنها وەسفی ڕۆڵی شارەکانییان کردووە و هیچ جۆرە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکیان لەم بارەیەوە نەداوە. لەلایەکی دیکەوە لەو نامە ئەکادیمییانەی باس لە کەسایەتییەکان دەکەن وەکو مستەفا بارزانی یان ئیدریسی بارزانی. تێبینی دەکرێت توێژەر تەواو خۆی دوورگرتووە لە هەڵسەنگاندنی هەڵویست و کارەکانیان تەنها وەسفێکی مێژوویی لەمەڕ ئەم کەسایەتتیانە ورۆڵیان خستۆتەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕەخنەیەك یاخود شیکردنەوەیەك یان بەراوردکارییەك لەبارەیانەوە بنوسێت[xc].

هەندێك توێژینەوەی دیکە وەك تێزەکانی سەعدی عوسمان، یاسین سەردەشتی، صلاح هروری بەشێوەیەکی بەرچاو و زیاتر لە بابەتێکی لێکۆڵینەوەکەیاندا ڕێبازی شیکاریان بەکارهێناوە و پەنجەیان خستۆتەسەر هۆکار و بزوێنەرە سەرەکییەکانی نێو ڕووادوە مێژووییەکان. هەر بۆ نموونە لەتێزی دکتۆرای یاسین سەردەشتییدا لەباسی فاکتەرەکانی ڕوخانی کۆماری مەهاباد دا زۆر بەوردی وسەلیقەوە شیکاری خاڵە لاوازەکان وهۆکارە نێودەوڵەتییەکانی کردوە، کە بوونە هۆی ڕووخانی کۆمار، لەلایەکی دیکەوە، سەعدی عوسمان لە تێزەکەیدا هەڵێنجنانی سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کورد بە تەواوی تەتەڵە دەکات وپەنجەدەخاتە سەریان یاخود هۆکارەکانی داگیرنەکردنی کوردستان لەلایەن عوسمانیەکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەمان تێزی ناوبراودا[xci]. جێی باسە ئەمە تەنها نموونەی بژاردەبوون، بەڵکو لە نامە ئەکادیمییەکانی دیکەشدا ئەم جۆرە میتۆدە لە هەندێ لە ناوەڕۆکی ماستەرنامە وتێزەکانیاندا دەبینرێت. میتۆدێکی دیکە، کە لای هەندێ توێژەر بەکارهاتووە (میتۆدی پێکهاتن)ە، وەك ڕێبازێکی دیکەی توێژینەوە لە هەندێك نامە ئەکادیمییدا دەبینرێن، ئەمەش بە وردی لەو نامانەدا ڕەنگدەداتەوە، کە هەوڵیانداوە ڕەوتە جیاوازەکانی ڕووداوەکان زیندوبکەنەوە یاخود وێنە لێکدابڕاوەکانی بوارێکی مێژویی پێکەوەببەستنەوە، کە لەمێژووی شارەکاندا زۆرتر دەبینرێن[xcii]. هەڵبەتە، لەپاڵ ئەمەشدا، هەندێك لەماستەرنامە وتێزی ئەکادیمی دا زێتر لە میتۆدێکی دیاریکراوی بەکارهێناو و تێکەڵێکردووە وەك میتۆدی شیکاری و وەسفی و پێکهێنان، ئەمەش بەمەبەستی ئەنجامگیرییەکی دروست و ڕوونترە[xciii].

سەرباری ئەمانە، دەبوو هەندێك لە نامە ئەکادیمییەکان زێتر سوودیان لە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك ببینایە، بەتایبەت ئەو ماستەرنامە وتێزانەی لە ڕۆژنامەگەری دواون چونکە باوترین میتۆد لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، میتۆدی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك)ە، لەبەرئەوەی تەوەری سەرەکیی بابەتەکەیان ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانە، ئەمە لەکاتێکدا تەنها لە ماستەرنامەکەی ئازاد عوبێد دا ئەمجۆرە میتۆدە بەکارهاتووە و ئەوانی دیکە فەرامۆشیانکردووە وپشتیان پێنەبەستووە[xciv].

لەگەڵ هەموئەمانەشدا، تێبینی دەکرێت ڕێبازی بەراوردکاری بە تەواوی نادیارە لە نامە ئەکادیمییەکاندا و بەکارنەهێنراوە لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا، لەکاتێکدا بۆ تەتەڵەکردنی زانستییانەی بابەتە مێژووییەکان لەهەموان زێتر دەخوازێت کاری لەسەر بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی، وێڕای ئەو کەم وکوڕییەی لەم بارەیەوە بەدی دەکرێت، کە پێویستە لەلایەن بەشی مێژووە جەختی لەسەر بکەنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەنێو ماستەرنامە وتێزەکاندا پەیڕەوی (ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی) کراوە، هەر لە دیاریکردنی ناونیشانەوە بگرە تا چۆنییەتی خستنەڕوو و دارشتن و پەراوێزنووسین وتەکنیکەکانی نێو ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی و ئەنجامگیریی.

**دەرئەنجام**

1. کردنەوەی بەشی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستاندا، دەروازەیەکی گرنگی بۆ مێژوونووسانی کورد خولقاند تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ مێژوو بکەن و گۆڕوتینی خستەئەم بوارە و تاڕادەیەکی باش ئەم کەلێنەی پڕکردەوە. بەچەشنێك تا ئێستا 200 ماستەرنامە وتێزی بە ئە نجام گەیاندووە.
2. بەشێکی زۆری ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا تەرخانکراون بۆ مێژووی سەدەی بیستەم، ئەمە لەکاتێکدا مێژووی نوێ بەتایبەت بۆ مێژووی کوردستان جێی و مەقامی خۆی هەیە وتاڕادەیەکی زۆر دووربوە لە بایەخی بەشی مێژوو وکەمترین پشکی بەرکەوتووە.
3. ئاڕاستەی بایەخدان بە مێژووی کورد وکوردستان لەباشووری کوردستان بەتایبەتی ومێژووی کوردستان بەگشتی بە هەموو ڕەهەندەکانیی سیاسی و رۆشنبیریی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سەربازیی بە گرنگترین سیما وخەسڵەتی نووسینەوەی مێژوونووسی دادەنرێت لەلای توێژەرانی بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، هەرچەندە رۆژئاوای کوردستان هیچ جۆرە ئامادەگی بوونی تێدا نییە.
4. مێژووی وڵاتانی دیکەی وەك ئەوروپا و ئەفەریقا و ئاسیا و مێژووی عەرەب لە نێو بەشی مێژوودا بە تەواوی فەرامۆشکراوە وهیچ جۆرە ئاوەڕێکی لێنەدراوەتەوە، لەکاتێکدا ئەمانە، کاریگەرییان لەسەر مێژووی کورد هەبووە وهەیە.
5. مێژووی سیاسی پانتاییەکی فراوانی لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا گرتووە، ئەمە لەکاتێکدا مێژوو تەنها مەعریفەیەکی سیاسی نییە و مێژووی کۆمەڵایەتی و مێژووی ئابوری و مێژووی رۆشنبیریی و مێژووی فکری وفەلسەفەی مێژوو بایەخێکی زۆریان هەیە لە مێژوودا و بە بناغەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان دادەنرێن، هەرچەندە بەڕادەیەکی کەم جێی بایەخی خوێندنی باڵای بەشی مێژوو بووە.
6. ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا، سودیان لە گەلێك سەرچاوە و کەرەستەی مێژوویی بینیوە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان و تەتەڵەکردنیان وەك: بەڵگەنامەکان، رۆژنامەکان، تێزوماستەرنامەکان، کتێب، لێکۆڵینەوە و وتار، یاداشت و بیرەوەریی، ماڵپەڕەکان، بڵاوکراوە حکومی وحزبییەکان.
7. هەرچەندە لەبەشێکی زۆری ماستەرنامە وتێزەکاندا ئاماژە بە جۆری ڕێبازی لێکۆڵینەوەکان نەکراوە، بەڵام بەگشتی لەنووسین وخستنەڕوودا هەنگاوەکانی رێبازی توێژینەوەی مێژووییان پەیڕەوکردووە هەر لە رێساکانی دیاریکردنی ناونیشانەوە تاوەك کۆکردنەوە سەرچاوە و ئە نجامگیری دروست، گرنگترین ئەو میتۆدانەش، کە بەکارهاتوون بریتیین لە (شیتەڵکاری، مێژوویی، وەسفی، شیکردنەوەی ناوەڕۆك، پێکهاتن).

**پەراوێزەکان:**

---

[i] د.هاشم الملاح والاخرون: دراسات في فلسفة التاريخ، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، 1988،ص29؛حيدر زكى: كتابة التاريخ، دار نينوى للدراسات والنشر، 2011،ص29-30.

[ii] لەبارەی ڕۆڵی کوردستان لە ژیار و دەوڵەتەکانی کۆنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. بڕوانە: صلوات گویاموف: اريا القديمة و كوردستان الابدية (الكرد من اقدم الشعوب)، ت: د.اسماعيل حصاف، مؤسسة بحوث والنشر موكرياني، 2011.

iii لەم بارەیەوە هەریەك لە (د.كەمال مەزهەر) و (د.سەعدی عوسمان) لەبارەی سەرەتاكانی مێژوونووسی لای كورد دواون، بەلام خۆیان نەداوە لەدەستنیشانكردنی ساڵێكی دیاریكراو، هەرچەندە چەندان سەرچاوەیان ئاماژە پێداوە وەك دەستپێكی مێژوونووسی كورد. كەمال مەزهەر(د): مێژوو كورتەباسێكی مێژوو وكورد و مێژوو، چ2، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، 2008،ل106؛ سەعدی عوسمان هەروتی (د): كورد وكوردستان لە بەڵگەنامە وسەرچاوە مێژووییەكاندا، چاپخانەی موكریان- هەولێر، 2001،ل29.

iv كەمال مەزهەر: س.پ، ل 106.

v عیماد عبدالسلام رؤوف(د): محاظرات طلبة الدراسات العليا في قسم التاريخ- كلية الاداب/جامعة صلاح الدين للسنة الدراسية2016-2017.

vi محمد عبدالله كاكەسوور: گرفتەكانی نوسینی مێژووی كورد، كۆنگرەی جیهانی لەسەر خوێندنی كوردی 6-9 ئەیلولی2006-هەولێر، ل212.

vii هۆشەنگ سالح نەجار: كورد ومێژوونووسین لەسەرەتاوە تا سەدەی نۆزدە، گۆڤاری رامان، ژمارە: 210، 2014/11/5، ل 113؛ سەبارەت بە مێژونوسی یۆنانی هیرۆدۆت و شاكارەكانی ئەلیادە وئۆدیسە. بڕوانە: د.عادل نجم عبو، د.عبدالمنعم رشاد: اليونان والرومان دراسة في التاريخ والحضارة، دار الكتب- الموصل، 1993، ص32-37.

viii لەبارەی بەرهەم و نووسراوەكانی ئەم مێژوونووسانە بڕوانە: تريفة احمد عثمان البرزنجي: إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الاسلامية خلال القرنين السابع والثامن الهجرين (13-14م) العلوم النظرية، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ص ص250 و الاخرى؛ هۆشەنگ سالح نەجار: س.پ، ل114-117.

ix سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل31

x كەمال مەزهەر: س.پ، ل106؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل30-31.

xi كەمال مەزهەر: س.پ، ل115.

xii سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل33-36.

xiii محمد عبدالله كاكەسوور: س.پ، ل211؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل40.

xiv مەستورەی كوردستانی: مێژووی ئەردەلان، چ2، وەرگێڕاون و بەراوردكردنی لەگەڵ سەرچاوەی دیكە: هەژار، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل ل16 و لاپەڕەكانی دواتر؛ محەمەد حەمە باقی: ئەدەب و مێژوو چەند لێكۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژووی كورد، موكریانی-هەولێر، 2013، ل ل 189 ودواتر

xv كەمال مەزهەر: س.پ، ل129- 133؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل42-44 ؛ هۆشەنگ سالح نەجار: س.پ، ل119.

xvi لەبارەی بایەخدانی رۆژنامەكانی (كوردستان و تعاون وترەقی غزەتسی و هەتاو وبانگی كورد و رۆژی كورد) بە مێژوو و مێژووی كورد. بڕوانە: هوگر طاهر توفيق: دور الصحافة الكردية في تطور الوعي قومي الكوردي، دار سبيرز-دهوك، 2004، ص 85-89/ ص ص141 ومابعدها؛ كەمال مەزهەر:س.پ،ل ل135 ولاپەڕەكانی دواتر.

xvii محەمەد ئەمین زەكی: خولاصەی تاریخی كورد وكوردستان، ب1 و2، سەردەم- سلێمانی، 2000 پێشەكیەكەی.

xviii لەبارەی ئەمین زەكی ومیتۆدی لە نووسیندا. بڕوانە هەردوو بابەتی: محمد امين زكى من خلال كتابه "خلاصه تاريخ الكردوالكردستان...، ص 351 و مابعدها و حسامەدین نەقشبەندی: چەند سەرنجێكی رەخنەگرانە سەبارەت بە نووسینەكانی محەمەدئەمین زەكی...، ل223 وەرگیراوە لە كتێبی: چی لەبارەی محەمەد ئەمین زەكی بەگەوە نووسراوە، ئا: رەفیق سالح، بنكەی ژین-سلێمانی، 2010.

xix لەبارەی بەرهەم ونووسراوە مێژووییەكان و ژیانیان. بڕوانە: كەمال مەزهەر: س.پ، ل ل206 ودواتر؛ بوار نورەدین: كورد و كوردستان بیبلۆگرافیا وپێرستیان لە كتێبی كوردیدا-مێژوو وجوگرافیا- كتێبی سالانی 1925-2010، ب1، ل ل68 ودواتر؛ مصطفى نەریمان: بیبلۆگرافیا دووصەد سالی كتێبی كوردی 1787-1986، الزمان- بغداد، 1988، ل ل191 و دواتر؛ جمال بابان: إعلام كرد العراق، سليمانيه، 2006؛ عوسمان سەید قادر: ژیاننامەی مێژوونووسانی كورد، چ2، كاروخ-سلێمانی، 2015.

xx لەنێولاپەڕەكانی رۆژنامەكانی سەدەی بیستەمدا چەندین بابەتی لەبارەی مێژووی كورد هاتووە. لەم بارەیەوە بڕوانە: كەمال مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەی كوردیدا، چاپخانەی كوڕی زانیاری كورد- بغداد- 1978، ل ل148 و دواتر؛ نزار گۆڤارێكی حەفتەیی سیاسی كوردی وعەرەبی یە، ئامادەكردنی: رفیق سالح، سلێمانی، 2000؛ جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، چ2، هەولێ- كوردستان، 2010.لە ژمارەی: 3، 4/ بابەتی كوردستان، ناودارانی كورد...هتد؛ گۆڤاری بەیان-ژمارەی تایبەتییەبە بیبلۆگرافیای بەیان، ژ:92 تشرینی دووەم 1983، ل ل61 و دواتر

xxi لەبارەی ژیان وبەرهەمەكانی ئەكادیمییەكانی كورد بڕوانە: كەمال مەزهەر:مێژوو...، ل ل 206 دواتر.

xxii ئاراز عەلی عەبدولرەحمان: رەوشی رۆشنبیریی شاری سلێمانی 1970-1991 توێژینەوەیەكی مێژووییە، ماستەر- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی راپەڕین 2016، ل30.

xxiii وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: دليل جامعة صلاح الدين 1983-1984، بغداد-1984، ص136-137.

xxiv ئاراز: س.پ، ل68؛ دليل جامعة صلاح الدين 1983-1984...، ص8.

xxv وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990، بغداد- 1990، 61.

xxvi لەدوای سالی 1991 بەشی مێژوو لە زانكۆی سلێمانی 1998، زانكۆی دهۆك1998، زانكۆی كۆیە 2001، زانكۆی راپەڕین 2004، گەرمیان2008، زانكۆی زاخۆ2009 كراوەتەوە.

xxvii حسام الدين علی غالب: یەكێك لە ئەكادیمیە بەرچاوەكانی كوردستانە، لەساڵی 1930 لەدایكبووە، لەساڵی 1962 بەكالۆریۆسی لەبەشی مێژووی زانكۆی بەغداد وەرگرتووە و لەساڵی 1976 ماستەر و لەساڵی 1985 دكتۆرای لەهەمان زانكۆ بەدەستهێناوە و خاوەنی چەندین دانراوی زانستییە.
المركز الاكاديمي للابحاث: http://acadcr.com/index.php/2017-11-11-13-20-24/292-2017-11-19-08-15-50

xxviii دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990...، ص61.

xxix الدليل الاول للعام الدراسی 1990...، ص68.

[xxx] ن.م، ص69. سەبارەت بە پێکهاتەکانی پرۆگرامەکانی بەش. بڕوانە: ن.م، ص 71.

[xxxi] وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين، مجمل النشاطات العلمية و الثقافية والاجتماعية حلال السنة الدراسية 1987-1988، اعداد: شعبة الاعلام والنشر، 1988، ص57 ؛ الدليل الاول للعام الدراسى 1990...، ص69-70

[xxxii] دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990...، ص62؛ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: استمارة معلومات و درجات طالب الدراسات العليا، ملف موسى مصطفى ابراهيم- وحدة الدراسات العليا.

[xxxiii] مجمل النشاطات العلمية و الثقافية...، ص57-58.

[xxxiv] سەعدی عوسمان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر ڕاپەڕین ئایا بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین چی پێشكەش بە كوردستان و مێژووەكەی كردووە؟، بلاوكراوەی بلاوكراوەی كۆلێژی ئەدەبیات- زانكۆی سەلاحەدین، 2001، ل13.

[xxxv] جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب-شعبة الدراسات العليا، امراداري-قبول طلبة الدراسات العليا، ملف (سعدى عثمان حسين-ياسين خالد حسن)؛ عمادة كلية الاداب-شعبة الدراسا العليا، امر اداري- قبول طلبة الدراسات العليا/ الدكتوراه، ملف (عبدالله محمد على) المرقم: 660/2/3 ل1995/7/29؛ كۆلێژی ئاداب- یەكەی خوێندنی بالا، فەرمانی كارگێڕی وەرگرتنی خوێندكارانی خوێندنی بالاَ/ ماستەر ودكتۆرا، دۆسیەی (كلپوم جمیل عبدالواحید). ژمارە: 29/2/3ی 2000/10/23.

[xxxvi] بورهان حاتم گۆمەتاڵی: پوختەی نامە وتێزە ئەكادیمییەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ( بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین 1995-2016)، لەژێر چاپدایە لەلای ئەكادیمیای كوردی (وێنەی كتێبەكە لەلای نووسەر)، ل12-13.

[xxxvii] بۆ دروستكردنی ئەم خشتەیە پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە: فەرمانە كارگێڕییەكانی یەكەی خوێندنی بالاَ- زانكۆی سەلاحەدین: 1741/2/3ی 2012/5/12-1875/2/3ی 2012/5/23 -4511/2/3ی 19/ 2013/12- 3348/2/3ی 2014/12/1- 3073/2/3ی 2015/10/28 -3234/3ی 2015/11/8؛ بورهان حاتم گۆمەتاڵی، ه.س؛ توانا رشید كریم: ڕێبەری خوێندنی بالا لە كۆلێژی ئەدەبیات (1987-2008/1988-2009)، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2009، ل15-26؛ توانا رەشید كەریم: ڕێبەری نامە ئەكادیمییەكانی بەشی مێژوو لە زانكۆكانی كوردستان 1989-2009، چاپخانەی منارە- هەولێر 2009، ل11-26.

[xxxviii] ئەم زانیارییانە ڕاستەوخۆ لە سەرۆكایەتی بەشی مێژوو وەرگیراون.

[xxxix] 2015 بەشی_مێژوو_ زانكۆی سەلاحەدین. http;// www.salahaddin university-erbil

[xl] سەبارەت بە كاروچالاكییەكانی ئەم بەشە بڕوانە: the history2913.org" سەعدی عوسمان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ...، ل8-12؛ الدليل الاول للعام الدراسي 1990...، ص 77-80.

[xli] عەبدولحسەین زەرینكوب: مێژوو لە تەرازوودا فەلسەفە ولۆجیكی مێژوو، و:د.قادر محمد حسن وسۆران بهاءالدین، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی، 2011، ل213-214.

[xlii] قاسم عبده قاسم(د): تطور منهج البحث في الدراسات التاريخية، ط1، عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية، 2000، ص37 ؛ حيدر زكى: م.س، ص33.

[xliii] قاسم عبده قاسم: م.س، ص 38.

[xliv] بڕوانە: هاشم يحى الملاح (د)والاخرون: م.س، ص11؛ هەژار: هەنبانە بۆرینە فرهنگی كردی فارسی، سروش-تهران، 1376، ل843.

[xlv] سعيد العميارى: التاريخ و السرد عند بول ريكور 2018 .http://diwanalarab.com/spip.php?article43812

[xlvi] سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نوسینەوەی مێژوو لە كوردستاندا (خوێندنەوەیەك بۆ نامە زانكۆییەكانی دوای ڕاپەڕین)، ژین، ژمارە:6 دیسەمبەری 2014، ل135.

[xlvii] محمود صالح سعيد(د): اتجاهات الكتابة التاريخية في الرسائل و الاطاريح الجامعية (قسم التاريخ جامعة الموصل)، ادب الرافدين، العدد: 54، 2009، ص381.

[xlviii] بۆنموونە. بڕوانە: نعمەت شەهاب حاجی: كوردستانی ڕۆژهەلات لەسەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەكان (1751-1794) لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی، ماستەرنامە، 2006.

[xlix] بۆنموونە. بڕوانە: نازدار جليل مصطفى: الدور العلمي في الدولة العثمانية خلال القرنين السادس عشر والسابع عشر، ماجستير، 2010.

[l] سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نووسینەوەی...، ل135.

[li] تەنها بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە لیستی سەرچاوەكانی: سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان 1514-1851، ماجستير 1995؛ كامران عبدالصمد الدوسكى: كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، ماجستير 2000؛ عبدالله علياوةيى: كوردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بداية الحرب العالمية الاولى، الاطروحة الدكتوراه، 1998. هەریەك لەم توێژەرانە، وێڕای هەوڵوتەقەلاَی زۆر بۆ دەستخستنی سەرچاوەی پێویست لە پێشەكی لێكۆڵینەوەكانیاندا پە نجەیان خستۆتەسەر ئەم گرفتە.

[lii] بڕوانە: سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية...، 1995.

[liii] بڕوانە: كاوة فريق احمد: امارة بادينان 1700-1842، ماجستير 1998؛ عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران منذ بداية القرن الثامن عشر ختى عام 1836، ماجستير، 2009؛ نازدار جليل: الدور العلمي...(2010)؛ سعدى عثمان حسين: كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد والموصل في القرنين السابع عشر والثامن عشر، الاطروحة الدكتوراه، 2001؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ لدى الكورد في الدولة العثمانية في القرنين 18-19، الاطروحة الدكتوراه، 2013.

[liv] سعدى عثمان: كوردستان الجنوبية(2001).

[lv] بڕوانە: نازنازمحەمەد قادر: میرنشینەكانی كوردستانی ڕۆژهەلاَت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەكاندا، ماستەرنامە، 2001؛ كاوه عزيز برايم: النخبة ودورها في نشوء الحضارات وسقوطها عند ارنولد توينبي، ماجستير، 2007؛ محمد صباح كريم: المؤرخ حسين حزني موكرياني مؤلفاته ومنهجه فى كتابة التاريخ، ماجستر، 2009؛ فارس قادر فقێ: ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ئیداری وسیاسی هادی چاوشلی، ماستەرنامە، 2016.

[lvi] لەبارەی كاریگەری و دەرهاویشتەكانی شوێن لەسەر ئاڕاستەی مێژوویی بڕوانە : كامەران محمد قادر: كاریگەری شوێن لەسەر بزوتنەوەی مێژوو، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی- بەشی B، ژمار: 24، تشرینی یەكەمی 2008، ل95 ودواتر؛ هاری المر بارنز: تاريخ الكتابة التاريخية، ت:ا.د. محمد عبدالرحمن، ج2، مصر 1987،ص194.

[lvii] قاسم عبده قاسم: م.س، ص56.

[lviii] بورهان گۆمەتاڵی: س.پ، ل12.

[lix] سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نووسینەوەی...، ل134.

[lx] سەعدی عوسان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی...، ل1.

[lxi] بڕوانە : ئەحمەد حمە ئەمین: ڕەزانـدز 1918-1939، ماستەرنامە، 2005؛ شوان محەمەد: هەولێر 1958-1963...، ماستەرنامە، 2009؛ هۆشەنگ ساڵح: بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر 1958-1975...، ماستەرنامە، 2011؛ اسماعيل شكر: اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى و السياسي 1939-1958، الاطروحة الدكتوراه، 1999.

[lxii] بڕوانە : دڵشاد عبدالرحمن: كەركوك 1932-1958...، ماستەرنامە، 2008؛ حسين اسماعيل عزيز: ناوچەی كفری لەنێوان ساڵانی 1914-1945...، ماستەرنامە، 2009؛ فەرهاد عەبدولعەزیز: ناوچەی چەمچەماڵ 1918-1939...، ماستەرنامە، 2009؛ دارا توفیق: ناوچەی پشدەر 1921-1958...، ماستەرنامە، 2009؛ توانا ڕەشید كەریم: سلێمانی لەنێوان ساڵانی 1945-1958...، ماستەرنامە، 2010.

[lxiii] بڕوانە : تەلار علی ئەمین: سیاسەتی كەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد...، ماستەرنامە، 2000؛ اسماعيل عبدالرحمن سعيد: ناسیۆنالیزمی ئێرانی...، ماستەرنامە، 2008؛ دڵزار صالح صديق: ژیانی پەرلەمانی لە ئێران...، ماستەرنامە، 2016؛ ڕۆژین عارف عیسا: السعودية ومجلس التعاون لدول الخليج العربية 1981-1991 دراسة في العلاقات السياسية، ماجستير، 2013.

[lxiv] بڕوانە : كاوە برايم (2007)؛ ئاشنا عەلی: هەمزە عەبدوڵلا و ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد، ماستەرنامە، 2014؛ بارزان محمد علی: جەمال حەیدەری 1926-1963 ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی، ماستەرنامە، 2016.

[lxv] كامەران منتك: كوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا...، ماستەرنامە، 1999؛ سعدی عثمان: كوردستان والامبراطورية...(1995)؛كامەران محەمەد حاجی: كوردستان لەبازنەی كێشەی ڕۆژهەڵاتدا1800-1900،ماستەرنامە، 2006؛ كامەران محەمەد حاجی: كوردستانی عوسمانی لەسیاسەتی بەریتانیادا...،تێزی دكتۆرا، 2013.

[lxvi] مفيد كاصد الزيدى(د) : المنهجية التاريخية في رسائل الجامعات العراقية دراسة حالة في جامعتي البصرة و الموصل، مجلة اتحاد الجامعة العربية، ع29 كانون الثاني 1994، ص248-250؛ حسن عثمان(د): منهج البحث التاريخي، ط8، دار المعارف- القاهرة 1964، ص53 و مابعدها.

[lxvii] محمد صالح سعيد(د): م.س، ص384 ؛ حسن مؤنيس(د)، التاريخ و المؤرخون، دار المعارف- القاهرة، 1984، ص ص21 و مابعدها.

[lxviii] سەبارەت بەتێڕوانینە جیاوازەكان وپەرەسەندنی زانستی مێژوو.بڕوانە :جاك لوغوف:التاريخ الجديد،ترجمة وتقديم:د. محمد الطاهر المنصوري،بيروت-2007،ص98-134.

[lxix] بڕوانە : پێشەكی تێزی دكتۆرای نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی عێراقدا 1961-1975، ل6

[lxx] زانیاری لەبارەی پرۆگرامی بەشی مێژوو تویژەر ڕاستەوخۆ لەسەرۆكایەتی بەشی وەرگرتووە.

[lxxi] جاك لوغوف: م.س، ص119-120.

[lxxii] بۆ نموونە.بڕوانە : دڵشاد عبدالرحمن: بارودۆخی كۆمەڵایەتی شاری كەركوك...، تێزی دكتۆرا، 2013؛ حسين اسماعيل: ژیانی كۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی...، تێزی دكتۆرا، 2014؛ هاوكار كريم: شۆڕشی ئەیلول..توێژینەوەیەك لەبارەی ڕێكخستن وچالاكی سەربازی...، ماستەرنامە، 2009؛ ڕێبوار خالد: پارێزگای سلێمانی (1968-1988) توێژینەوەیەكی مێژوویی ئابوریە، ماستەرنامە، 2014؛ زیاد نعمان: خانەقین لەساڵانی 1918-1958 لەبواری كارگێڕی وئابوری وكۆمەڵایەتی وسیاسی...ماستەرنامە، 2016.

[lxxiii] بۆ نموونە.بڕوانە : بارزان محمد:(جەمال حەیدەری-2016)؛مەغدید حاجی:عزیز شەریف ڕۆڵی سیاسی وهەڵوێستی بەرامبەر بە مەسەلەی كورد،ماستەرنامە،2011؛فارس قادر:ڕۆڵی ڕۆشنبیریی و ئیداری وسیاسی هادی چاوشلی،ماستەرنامە،2016؛ كاروان جەوهەر:ئیدریس بارزانی 1944-1987ڕۆڵی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردیدا،ماستەرنامە، 2016.

[lxxiv] كاوە عزيز برايم: (2007)؛ محمد صباح كريم: (2009)؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ...، الاطروحة الدكتوراه (2013).

[lxxv] د.مصطفى النشار: فلسفة التاريخ، شركة الامل للطباعة والنشر، 2004، ص24.

[lxxvi] عەبدولحسەین زەرینكوب: س.پ، ل243.

[lxxvii] حسن عثمان: م.س، ص22.

[lxxviii] بۆ نموونە. بڕوانە : إسماعيل شكر رسول: اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى والسياسي 1939-1958، الاطروحة الدكتوراه، 1999؛ عزيزحسن: الولايات المتحدة الامريكية و المسالة الكوردية في العراق 1961-1975، الاطروحة الدكتورا، 2008؛ ڕۆژین عارف عیسا: (2013)؛ كامران عبدالصمد دوسكى: (1999).

[lxxix] بڕوانە : نازدار جليل: الدور العلمي...(ماجسيتر 2010) ؛ غەمگین عبدالله قادر: ڕۆڵی سیاسی هۆزی جاف لەماوەی ساڵانی 1847-1918 لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، ماستەرنامە، 2016؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ...(الاطروحة الدكتورا2013).

[lxxx] لەم بارەیەوە زۆربەی تێز وماستەرنامەكان پشتیان بەسەرچاوەی عەرەبی و كوردی وفارسی وئینگلیزی بەستووە. لێرەدا چەند نموونەیەك بژاردەكەین: احمد محمد امین: القضية الكردية في مؤلفات العرب العراقيين حتى عام 1975، الاطروحة الدكتورا، 2016؛ سروه اسعد صابر: كوردستان العراق في نهاية مشكلة الموصل الى بداية الحرب العالمية الثانية1926-1939، الاطروحة الدكتوراه،2005؛ ميڤان عراف بادى: الحركه القوميه الكورديه التحرريه فى كوردستان العراق 1958-1963، ماجستير، 2002. لێرەدا

چەند نامەیەك كە پشتیان بە كتێبە فارسیی وئینگلیزی وەك نموونە : یوسف محمد ئەمین: كوردستانی ڕۆژهەڵات 1867-1914، ماستەرنامە، 2011؛ اسماعیل عبدالرحمن: ناسیۆنالیزمی ئێرانی 1906-1946، ماستەرنامە، 2008؛ دڵزار صالح: ژیانی پەرلەمانی لە ئێران لەنێوان ساڵانی 1906-1925، ماستەرنامە 2016؛ مستەفا محەمەد كەریم: پەیوەندییە دەرەكییەكانی ئێران لەسەردەمی نادری ئەفشاری...،ماستەرنامە، 2013؛ عزیز حسن: الولایات...(الاطروحة الدكتوراە، 2008)؛ هاوار كەمال میرزا: سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بەئێران لەسەردەمی ئیدارەی جیمی كارتەردا...، ماستەرنامە، 2013.

[lxxxi] بڕوانە : عزیزحسن :الولایات...(الاطروحة الدكتوراە 2008)؛ نەهرو محەمەد: هەولێر لەنێوان ساڵانی 1918-1926، ماستەرنامە، 2008؛ اسماعیل عبدالرحمن:(2008)؛ قارەمان حەیدەر: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری كوردی لە شاری هەولێر (1975- 1991) لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، ماستەرنامە، 2014

[lxxxii] بڕوانە : شوان محەمەد: لیوای هەولێر 1963-1970، تێزی دكتۆرا، 2016؛ فاخر علی: ڕۆڵی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا 1945-1975، ماستەرنامە، 2013؛ اسماعیل شكر: اربیل...(الاطروحة الدكتوراە 1999)؛ ماجد حسن علی: الحركة الطلابیة الكوردیة في العراق 1926-1970، ماجستیر، 2008.

[lxxxiii] بڕوانە : ڕێبوار خالد:(2014) ؛ محمد عبداللە كاكە سوور: گەشەكردنی خوێندنی فەرمی لە لیواكانی كوردستانی عێراق 1921-1953، دكتۆرا، 2003؛ فەرەیدون عبدالرحیم، بارودۆخی سیاسی كوردستانی عێراق لە11ی مارتی 1970-11ی مارتی 1974، ماستەرنامە، 2005؛ ئارەزوو یوسف حسن:ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەكان لە بزاڤیرزگاریخوازی كورد 1975-1991، ماستەرنامە، 2015.

[lxxxiv] عقیل حسین عقیل: فلسفة مناهج البحث العلمي، مكتبة مدبولی، 1999، ص47-51.

[lxxxv] سەبارەت بە پەرەسەندنی ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی. بڕوانە : قاسم عبده قاسم: م.س، ص93 و مابعدها.

[lxxxvi] حسن عثمان: م.س، ص20.

[lxxxvii] بڕوانە : حسین اسماعیل عزیز: ناوچەی كفری لەنێوان ساڵانی 1914-1945 لێكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وكۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ماستەرنامە، 2009؛ فەرهاد عەبدولعزیز محمد: ناوچەی چەمچەماڵ لەنێوان ساڵانی 1918-1939 توێژینەوەیەك لە بارودۆخی كۆمەڵایەتی ورامیاری و ڕۆشنبیری، ماستەرنامە، 2009.

[lxxxviii] بڕوانە : محمد عبداللە كاكەسور: الدور السیاسی و الثقافي للضباط الكرد في الحركة الكردیة في كردستان الجنوبیة 1921-1945، ماجستیر، 1998؛ فەرەیدون عەبدولرەحیم:(2008)؛ فاروق محەمەد محەمەد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی كورد لە باشوری كوردستان 1975-1989، سلێمانی، 2014؛ شوان محەمەد: هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958-1963 لێكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسی، ماستەرنامە، 2009.

[lxxxix] بڕوانە : سعدی عثمان: كوردستان الجنوبیة...(الاطروحة الدكتوراە2006)؛ عثمان عبدالرحمن: (2009)؛ دڵشاد محمود عبدالرحمن: بارودۆخی كۆمەڵایەتی شاری كەركوك لەسەردەمی پاشایەتییدا 1921-1958، دكتۆرا، 2012.

[xc] بڕوانە : ڕەفیق رحمان: مستەفا بارزانی ژیان و رۆل و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەكاندا 1958-1970، ماستەرنامە، 2010؛ ڕۆژ ئەرگوشی: ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی 1931-1946 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی، ماستەرنامە، 2011؛ نازدار جلیل: الدور العلمي...(ماجستیر 2010).

[xci] لەبارەی بەكارهێنانی میتۆدی شیكارییەوە،هەریەك لەم ماستەرنامە وتێزی دكتۆرایانە لەچەندین ڕووداودا میتۆدی شیكارییان بەكارهێناوە. بۆ نموونە. بڕوانە : یوسف محمد: (2011)؛ سعدی عثمان حسین: كوردستان و الامبراطوریة العثمانیة...(2008)؛ صلاح الهروری: امارة بوتان في عهد الامیر بدرخان 1821-1847 دراسة تاریخیة سیاسیة، ماجستیر، كلیة الاداب- جامعة صلاح الدین، 1998؛ كامەران منتك: (1999)؛ یاسین خالد:كوردستانی ئێران 1939-1979 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لەسەر جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی گەلی كورد، دكتۆرا، 2001. هەروەها لە گەلێك نامەی ئەكادیمی دیكەی دا، شیكاری بۆ هەڵوێست و ڕووداوەكانی كۆمەڵگەی كوردیی ومێژوو كراوە.

[xcii] بڕوانە : بەختیار سەعید محمود شوانی: كەركوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا لیكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وئابوری، ماستەرنامە، 2009؛ دارا توفیق:(2009).

[xciii] بۆ نموونە. بڕوانە : نازناز محەمەد قادر: سیاسەتی ئێران...(تێزی دكتۆرا2008)؛ كامەران محەمەد: كوردستانی عوسمانی...(تێزی دكتۆرا2013)؛ هاوار كمال میرزا:(2013).

[xciv] بڕوانە : ئازاد عوبێد سالح: كاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەگەری كوردی 1961-1975، هەولێر-2007؛ لەبارەی فەرامۆشكردنی میتۆد شیكاری ناوەڕۆك. بۆ نمونە : هوگر طاهر توفیق: (2004) ؛ فتاح بهرام خضر: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی كوردستانی باشوور لە ڕۆژنامەگەری كوردی عێراقدا 1932-1958، ماستەرنامە، كۆلێی ئاداب، 2012؛ دحام لقمان اسماعیل: ڕەوشی ئابوری وكۆمەڵایەتی باشووری كوردستان لە روانگەی ڕۆژنامەوانی كوردی ئاشكرا لە عێراقدا 1980-1991، كۆلێژی ئاداب-2015.

## سەرچاوەكان


- فەرمانە كارگێڕییەكانی یەكەی خوێندنی باڵا- زانكۆی سەلاحەدین: 1741/2/3ی 2012/5/12 -1875/2/3ی 2012/5/23 -4511/2/3ی 19/ 12/2013 -3348/2/3ی 1/2014/12 -3073/2/3ی 2015/10/28- 3234/3ی 2015/11/8.

- كۆلیژی ئاداب- یەكەی خوێندنی بالا، فەرمانی كارگێڕی وەرگرتنی خوێندكارانی خوێندنی بالاّ/ ماستەر ودكتۆرا، دۆسیەی (كلثوم جمیل عبدالواحید). ژمارە: 29/2/3ی 2000/10/23.
- جامعة صلاح الدین، عمادة كلیة الاداب-شعبة الدراسات العلیا، امراداري-قبول طلبة الدراسات العلیا، ملف (سعدى عثمان حسین-یاسین خالد حسن) المرقم: 2920/2/3 بتاریخ: 1993/10/21
- عمادة كلیة الاداب- شعبة الدراساا العلیا، امر اداري- قبول طلبة الدراسات العلیا/ الدكتوراه، ملف (عبدالله محمد على) المرقم: 660/2/3 بتاریخ: 1995/7/29.
- وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدین: استمارة معلومات و درجات طالب الدراسات العلیا، ملف موسى مصطفى ابراهیم- وحدة الدراسات العلیا.
- سەعدی عوسمان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر ڕا پەڕین ئایا بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین چی پێشكەش بە كوردستان و مێژووەكەی كردووە؟، بلاوكراوەی بلاّوكراوەی كۆلێژی ئەدەبیات- زانكۆی سەلاحەدین، 2001.
- وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدین: دلیل جامعة صلاح الدین 1983-1984، بغداد-1984.
- وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدین: دلیل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990،بغداد-1990.
- وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدین، مجمل النشاطات العلمیة و الثقافیة والاجتماعیة حلال السنة الدراسیة 1987-1988، اعداد: شعبة الاعلام والنشر، 1988.
- ئاراز عەلی عەبدولڕەحمان: ڕەوشی رۆشنبیریی شاری سلیّمانی 1970-1991 توێژینەوەیەكی مێژوویی ڕۆشنبیرییە، ماستەر- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی ڕا پەڕین 2016.
- ئارەزوو یوسف حسن :ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەكان لە بزاڤیرزگاریخوازی كورد 1975-1991، 2015.
- ئازاد عوبێد سالح :كاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانیی كوردی لەباشوری كوردستاندا1961-1975، 2003.
- ئاشنا عەلی: هەمزە عەبدوڵلاّ و رۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی كوردستاندا لەنێوان سالأنی 1970-1979، 2014.
- ئەحمەد حمە ئەمین: ڕەواندوز 1918-1939 لیكۆلینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، 2005.

- اسماعیل عبدالرحمن سعید: ناسیۆنالیزمی ئێرانی، 2008.
- بارزان محمد علی: جەمال حەیدەری 1926-1963 رۆلی سیاسی و رۆشنبریی، 2016.
- بەختیار سەعید محمود: كەركوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا لیكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وئابوری، 2009.
- تەلار علی ئەمین: سیاسەتی كەمالی و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی كورد لە باكوری كوردستان 1918-1938 لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی كۆمەلأیەتی ئابوریيە، 2000.
- توانا ڕەشید كەریم: سلێمانی لەنێوان سالأنی 1945-1958 لیكۆڵینەوەیەك لە باردۆخی سیاسی ورۆشنبیریی،2010.
- حسین اسماعیل عزیز: ناوچەی كفری لەنێوان سالأنی 1914-1945 لێكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وكۆمەلأیەتی و رۆشنبیری،2009.
- دارا توفیق: ناوچەی پشدەر لەسەردەمی پاشایەتییدا 1921-1958 توێژینەوەیەك لەبارودۆخی ڕامیاری كۆمەلأیەتی،2009.
- دحام لقمان اسماعیل: رەوشی ئابوری وكۆمەلأیەتی باشووری كوردستان لە روانگەی رۆژنامەوانی كوردی ئاشكرا لەعێراقدا 1980-1991، 2015.
- دلزار صالح صدیق: ژیانی پەرلەمانی لە ئێران لەنێوان سالانی 1906-1925 لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە،2016.
- دلشاد عبدالرحمن: كەركوك 1932-1958 لیكۆڵینەوەیەكی میژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و رۆشنبیری، ماستەرنامە، 2008.
- رۆژ ئەرگوشی: ناوچەی بارزان لەنێوان سالأنی 1931-1946 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی، 2011.
- رەفیق رحمان: مستەفا بارزانی ژیان و رۆل و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەكاندا 1958-1970، 2010.
- رێبوار خالد: پارێزگای سلێمانی (1968-1988) توێژینەوەیەكی مێژوویی ئابوریيە، 2014.
- زیاد نعمان: خانەقین لەسالأنی 1918-1958 لەبواری كارگێڕی وئابوری وكۆمەلأیەتی وسیاسی،2016.
- شوان محەمەد: هەولێر لەنێوان سالأنی 1958-1963 لێكۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسی، 2009.
- غەمگین عبدالله قادر: رۆلی سیاسی هۆزی جاف لەماوەی سالأنی 1847-1918 لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، 2016.
- فاخر علی: رۆلی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا 1945-1975، 2013.

- **فارس قادر فقێ: رۆڵی رۆشنبیریی و ئیداری وسیاسی هادی چاوشلی،** 2016.
- **فاروق محەمەد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان** 1975-1989، 2013.
- **فتاح بهرام خزر: رەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانی باشوور لە رۆژنامەگەری کوردی عێراقدا** 1932-1958، 2012.
- **فەرەیدون عبدالرحیم، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق لە11ی مارتی** 1970-11**ی مارتی** 1974، 2005.
- **فەرهاد عەبدولعزیز: ناوچەی چەمچەماڵ لەنێوان سالانی** 1918-1939 **توێژینەوەیەك لە بارودۆخی کۆمەلایەتی ورامیاری و رۆشنبیری،** 2009.
- **قارەمان حەیدەر: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر (** 1975- 1991 **) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە،** 2014
- **کاروان جەوهەر: ئیدریس بارزانی** 1944-1987 **رۆلی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا،** 2016.
- **کامەران محەمەد حاجی: کوردستان لە بازنەی کێشەی رۆژهەلاتدا**1800-1900، 2006.
- **کامەران منتك: کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا** 1890-1932 **توێژینەوەیەك لەمێژووی سیاسی وئابوری،** 1999.
- **مەغدید حاجی: عزیز شەریف رۆڵی سیاسی و هەڵوێستی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد،** 2011.
- **مستەفا محەمەد کەریم: پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لەسەردەمی نادری ئەفشاری**1736-1747،2013.
- **نازنازمحەمەد قادر: میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا،** 2001.
- **نعمەت شەهاب حاجی: کوردستانی ڕۆژهەلات لەسەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکان (** 1751-1794 **)،** 2006.
- **نهرو محەمەد: هەولێر لەنێوان سالانی** 1918-1926 **توێژینەوەیەك لەبارودۆخی ڕامیاری،** 2008.
- **هۆشەنگ سالح: بزاڤی رۆشنبیریی لەشاری هەولێر** 1958-1975،2011.
- **هاوار کەمال میرزا: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەئیران لەسەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەردا، ماستەرنامە،** 2013.
- **هاوکار کریم: شۆرشی ئەیلول توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی رێکخستن وچالاکی سەربازی 11ی ئەیلولی** 1961-11**ی مارتی** 1970، 2009.
- **یوسف محمد ئەمین: کوردستانی رۆژهەلات** 1867-1914، 2011.

- رۆژين عارف عيسا: السعودية ومجلس التعاون لدول الخليج العربية 1981-1991 دراسة في العلاقات السياسية، 2013.
- سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة في تطورها السياسي 1514-1851، 1995.
- صلاح الهروری: امارة بوتان في عهد الامير بدرخان 1821-1847 دراسة تاريخية سياسية، 1998.
- عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران منذ بداية القرن الثامن عشر حتى عام 1836 دراسة في الاوضاع الاقتصادية والاجتماعية والعلمية، 2009.
- كامران عبدالصمد الدوسكی: كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، 2000.
- كاوة فريق احمد: امارة بادينان 1700-1842 دراسة سياسية اجتماعية الثقافية، 1998.
- كاوه عزيز برايم: النخبة ودورها في نشوء الحضارات وسقوطها عند ارنولد توينبي، 2007.
- ماجد حسن على: الحركة الطلابية الكوردية في العراق 1926-197، 2008.
- محمد صباح كريم: المؤرخ حسين حزني موكرياني مؤلفاته ومنهجه فى كتابة التاريخ، 2009.
- محمد عبدالله كاكەسور: الدور السياسى و الثقافي للضباط الكرد في الحركة الكردية في كردستان الجنوبية 1921-1945، 1998.
- ميڤان عارف بادی: الحركه القوميه الكورديه التحرريه فى كوردستان العراق 1958-1963، 2002.
- نازدار جليل مصطفى: الدور العلمي في الدولة العثمانية خلال القرنين السادس عشر والسابع عشر، 2010.
- حسين اسماعيل: ژیانی كۆمەلآیەتی لیوای سلێمانی لەنێوان سالآچنی 1908-1958، 2014.
- دلشاد محمود عبدالرحمن: بارودۆخی كۆمەلآیەتی شاری كەركوك لەسەردەمی پاشایەتییدا 1921-1958، 2012.
- شوان محەمەد: لیوای هەولێر 1963-1970 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لەبارودۆخی سیاسی، 2016.
- كامەران محەمەد حاجی: كوردستانی عوسمانی لەسیاسەتی بەریتانیادا لەسەدەی نۆزدە، 2013.
- محمد عبدالله كاكە سوور: گەشەكردنی خوێندنی فەرمی لە لیواكانی كوردستانی عێراق 1921-1953، 2003.
- نازناز محەمەد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی عێراقدا 1961-1975، 2008.
- یاسین خالد:كوردستانی ئێران 1939-1979 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لەسەر جولآنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، 2001
- احمد محمد امين:القضية الكردية في مؤلفات العرب العراقيين حتى عام1975دراسة تاريخية سياسية، 2016.

- اسماعيل شكر: اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى و السياسي 1939-1958، 1999.
- سروه اسعد صابر: كوردستان العراق في نهاية مشكلة الموصل الى بداية الحرب العالمية الثانية1926-1939،2005.
- سعدى عثمان حسين: كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد والموصل في القرنين السابع عشر والثامن عشر، 2001.
- عبدالله علياوةيى: كوردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بداية الحرب العالمية الاولى،1998.
- عزيزحسن: الولايات المتحدة الامريكية و المسالة الكوردية في العراق 1961-1975، 2008.
- نازدار جليل: كتابة التاريخ لدى الكورد في الدولة العثمانية في القرنين 18-19، 2013.
- بوار نورەدين: كورد و كوردستان بيبلۆگرافيا وپێڕستيان له كتێبی كورديدا-مێژوو وجوگرافيا- كتێبی سالآنی 1925-2010، ب1، 2017.
- بورهان حاتم گۆمەتاڵی: پوختەی نامە وتێزە ئەكاديمييەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ( بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدين 1995-2016)، لەژێر چاپدایە لەلای ئەكاديمیای كوردی (وێنەی كتێبەكە لەلای نووسەر).
- توانا رەشيد كەريم: رێبەری نامە ئەكاديمييەكانی بەشی مێژوو لە زانكۆكانی كوردستان 1989-2009، چاپخانەی منارە- هەولێر 2009.
- --------: رێبەری خوێندنی باڵا لە كۆلێژی ئەدەبيات (1987-1988/2008-2009)، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين- هەولێر، 2009.
- جەمال نەبەز: گۆڤاری نيشتمان، چ2، هەولێر- كوردستان، 2010.
- رەفيق ساڵح (ئامادەكردنی): چی لەبارەی محەمەد ئەمين زەكی بەگەوە نووسراوە، ئا: رەفيق ساڵح، بنكەی ژين-سلێمانی، 2010.
- --------: نزار گۆڤارێكی حەفتەيی سياسی كوردی وعەرەبی يە، سلێمانی، 2000.
- سەعدی عوسمان هەروتی (د): كورد وكوردستان لە بەڵگەنامە وسەرچاوە مێژووييەكاندا، چاپخانەی موكريان- هەولێر،2001.

- عەبدولحسەین زەرینكوب: مێژوو لە تەرازوودا فەلسەفە ولۆجیكی مێژوو، و:د.قادر محمد حسن وسۆران بهاوالدین، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی، 2011.
- عوسمان سەید قادر: ژیاننامەی مێژوونووسانی كورد، چ2، كارۆخ-سلێمانی، 2015.
- كەمال مەزهەر( د ): مێژوو كورتەباسێكی مێژوو وكورد و مێژوو، چ2، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، 2008.
- --------: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە رۆژنامەی كوردیدا، چاپخانەی كوڕی زانیاری كورد- بغداد- 1978.
- مەستورەی كوردستانی: مێژووی ئەردەلان، چ2، وەرگێڕان و بەراوركردنی لەگەڵ سەرچاوەی دیكە: هەژار، دەزگای ئاراس- هەولێر، 2005.
- محەمەد ئەمین زەكی: خولاصەی تاریخی كورد وكوردستان، ب1 و2، سەردەم- سلێمانی، 2000.
- محەمەد حەمە باقی: ئەدەب و مێژوو چەند لێكۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژووی كورد، موكریانی-هەولێر، 2013
- مصگفی نەریمان: بیلیۆگرافیا دووصەد ساڵی كتێبی كوردی 1787-1986، الزمان- بغداد، 1988.
- --------: گۆڤاری بەیان-ژمارەی تایبەتییەبە بیبلۆگرافیای بەیان، ژ:92 تشرینی دووەم 1983.
- هەژار: هەنبانە بۆرینە فرهنگی كردی فارسی، سروش-تهران، 1376.
- تريفة احمد عثمان البرزنجي: إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الاسلامية خلال القرنين السابع والثامن الهجرين (13-14م) العلوم النظرية، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.
- جاك لوغوف:التاريخ الجديد، ترجمة وتقديم:د. محمد الطاهر المنصوري،بيروت-2007.
- جمال بابان: إعلام كرد العراق، سليمانيه، 2006.
- حسن عثمان(د): منهج البحث التاريخي، ط8، دار المعارف- القاهرة 1964.
- حسن مؤنيس(د)، التاريخ و المؤرخون، دار المعارف- القاهرة، 1984.
- حيدر زكى: كتابة التاريخ، دار نينوى للدراسات والنشر، 2011.
- صلوات گوياموف: اريا القديمة و كوردستان الابدية (الكرد من اقدم الشعوب)، ت: د.اسماعيل حصاف، مؤسسة بحوث والنشر موكرياني، 2011.

- عادل نجم عبو(د)، عبدالمنعم رشاد(د): اليونان والرومان دراسة في التاريخ والحضارة، دار الكتب- الموصل، 1993.
- عقيل حسين عقيل: فلسفة مناهج البحث العلمي، مكتبة مدبولى، 1999.
- قاسم عبده قاسم(د): تطور منهج البحث في الدراسات التاريخية، ط1، عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية، 2000.
- مصطفى النشار(د): فلسفة التاريخ، شركة الامل للطباعة والنشر، 2004.
- هارى المر بارنز: تاريخ الكتابة التاريخية، ت:ا.د. محمد عبدالرحمن، ج2، مصر 1987.
- هاشم الملاح (د)،ابراهيم خليل(د)، عماد الجواهري(د)،د.غانم الحفو(د): دراسات في فلسفة التاريخ، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، 1988.
- هوگر طاهر توفيق: دور الصحافة الكردية في تطور الوعي قومي الكوردى، دار سبيرز-دهوك، 2004.
- سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نوسینەوەی مێژوو لە كوردستاندا (خوێندنەوەیەك بۆ نامە زانكۆییەكانی دوای ڕاپەڕین)، ژین، ژمارە:6 دیسەمبەری 2014.
- كامەران محمد قادر: كاریگەری شوێن لەسەر بزوتنەوەی مێژوو، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی-بەشی B، ژمار: 24،تشرینی یەكەمی 2008.
- محمد عبدالله كاكەسوور: گرفتەكانی نوسینی مێژووی كورد، كۆنگرەی جیهانی لەسەر خوێندنی كوردی 6-9 ئەیلولی2006-هەولێر، 2006.
- هۆشەنگ سالح نەجار: كورد ومێژوونووسین لەسەرەتاوە تا سەدەی نۆزدە، گۆڤاری رامان، ژمارە: 210، 2014/11/5.
- محمود صالح سعيد(د): اتجاهات الكتابة التاريخية في الرسائل و الاطاريح الجامعية (قسم التاريخ جامعة الموصل)، ادب الرافدين، العدد: 54، 2009.
- مفيد كاصد الزيدى(د): المنهجية التاريخية في رسائل الجامعات العراقية دراسة حالة في جامعتي البصرة و الموصل، مجلة اتحاد الجامعة العربية، ع29 كانون الثاني 1994.
- عيماد عبدالسلام رؤوف(د): محاظرات طلبة الدراسات العليا- الدكتوراه في قسم التاريخ- كلية الاداب/جامعة صلاح الدين للسنة الدراسية2016-2017.
- 2015بەشی_مێژوو_ زانكۆی سەلاحەدین .http;// www.salahaddin university-erbil

- کۆنفرانسی مێژووی کورد وکوردستان the history2013.org"
- سعيد العمياري: التاريخ و السرد عند بول ريكور 2018 .http://diwanalarab.com/spip.php?article43812
- حياة: د.حسام الدين على غالب النقشبندى، المركز الاكاديمي للابحاث: -http://acadcr.com/index.php/2017 11-11-13-20-24/292-2017-11-19-08-15-50


## إتجاه الكتابة التاريخية في رسائل ماجستير و أطاريح الجامعية في التاريخ الحديث و المعاصر

## ( قسم التاريخ بجامعة صلاح الدين نموذجا )


يهدف هذا البحث الى تحليل رسائل ماجستير و أطاريح الدكتوراه في تخصص ( التاريخ الحديث والمعاصر ) لقسم التاريخ- جامعة صلاح الدين، مرتكزاً على أساسيات البحث الذي قام عليها هذه الرسائل الماجستير و ألاطاريح من خلال كيفية تناولها للمواضع التاريخية و ألادوات و المناهج البحثية المستخدمة في مسعى للتعرف على إتجاه الكتابة التاريخية.

وعلى ضوء هذا، قسم البحث الى مبحثين؛ المبحث الاول: تناول تطور الكتابة التاريخية لدى الكورد و الخلفية التاريخية لتأسيس قسم التاريخ وتطورها، اما المبحث الثاني: تناول كيفية معالجة المواضيع التاريخية و إتجاه الكتابة وإبراز أدوات المستخدمة، والمناهج المتبعة.

وأخيراً توصل الباحث الى عدة استنتاجات، اهمها: افتتاح قسم التاريخ له دور الكبير في تنمية عملية الكتابة التاريخية بحيث بلغ عدد رسائل ماجستير وأطاريح الجامعية في كافة التخصصات الى 200، وكذلك التاريخ السياسي و تاريخ الكورد احتل جانباً مهمة في المواضيع التاريخية ، كما أهتم بتاريخ المعاصر أكثر من تاريخ الحديث، وأيضا توصل الباحث الى إن الرسائل الماجستير وألاطاريح قسم التاريخ استخدمت أدوات علمية رصينة و أتبعت المنهجية العلمية في العرض وكتابة التاريخية للوصول الى المعرفة التاريخية الحقيقية.

# The Historical Writing Direction of Theses and Dissertations in Modern and Contemporary History
# (Department of History, Salahaddin University as a Sample)

The study aims at investigating theses and dissertations (in Modern and Contemporary History Specialization) at the Department of History, University of Salahaddin, focusing on the basics of methods of research that the theses and dissertations were based on through dealing with historical topics, instruments, and methods of research used in the quest in order to identify the historical writing direction.

Building on this, the researcher divided the study into two sections: the first one deals with historical writing development by Kurds, and the historical background to establish and develop Department of History. The second one covers dealing with historical topics, writing direction, and highlighting the instruments, and methods.

Finally, the researcher came up with a number of conclusions, most importantly: opening History Department has a great role in developing the process of writing history, so that the number of university theses and dissertation in all displaces reaches 200, and political history and history of the Kurds occupied an important dimension in historical subjects. Moreover, the focus is more on contemporary history rather than modern. The researcher also concluded that the theses and dissertations of Department of History used scientific instruments and followed scientific methodology as well in presenting and historical writing in order to get real historical knowledge.